# بووتیقای نەگونجاوی پاژەکان

## پێکهاتەی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئەلف/یا)دا، نووسینی ڕەزا عەلیپوور



کاوان محەمەدپوور

---

ناسنامەی کتێب: «ئەلف/یا»، ڕەزا عەلیپوور، چاپەمەنی مانگ، بانە ١٣٩٩.




ISBN: 9786226832182

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ پێشەکی

لەم چەند ساڵەی دواییدا، سەرنجی نووسەری کورد زیاتر لە ڕابردوو بۆ لای ئەدەبیاتی داستانی ڕاکێشراوە و شایەتی ئەوەین گەلێک دەق بەناوی کورتەچیرۆک و ڕۆمان بڵاودەبنەوە. ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی ئەم دەقانە لەلایەکەوە جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبینین بەشێکی زۆر لەم دەقانە-چ لە باشوور و چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- ئەوەندە لاواز و بێبنەمان کە ناتوانین ناوی چیرۆکیان(**fiction**) لەسەر دابنێین. یەکێک لە خەسارە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە دەقانە، نزم کردنەوەی ئاستی سەلیقەی بەردەنگ و لاوازکردنی مێژووی چیرۆکنووسییە. بەتایبەت هەر دەقێک بەناوی ڕۆمان بڵاو دەبێتەوە لەلایەن کەسانێکەوە بەناوی ڕەخنەی ئەدەبی، وتاری (شرۆڤەکارانە)ی لەسەر دەنووسرێت و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی ناوی دەقی واڵا، دەقی بەهێز یان نموونەی ڕۆمانی سەرکەوتووی لێدەنرێت. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، ئەزموونی ئەم (نزم کردنەوەی سەلیقە)یەمان لە شێعری هاوچەرخدا -بەتایبەت لە هەشتاکان بەم لاوە- دیوە. بڵاوبوونەوەی گەلێک شێعری نەشیاو و لاواز لەهەر سووچێکەوە، بۆتە هۆی ئەوەی بەردەنگی کورد هیچ پێوەندییەک لەگەڵ شیعری هاوچەرخ نەگرێت و تەنیا ڕوو لە شاعیرە گەورەکانی پێشوو بکات. ئەم خەسارەی داوێنی شێعری گرتۆتەوە، مەترسی ئەوە هەیە ڕوو لە ئەدەبیاتی داستانیش بکا. بەڕای من ڕەنگە ئەدەبیاتی داستانیی کوردی لەم ڕێگەیەدا زووتر و زۆرتر لە شێعر بەرەو نزمی بڕوات و لاواز بێتەوە. لە ڕاستیدا شێعری کوردی، بەو گشتە ئەزموونە مێژوویی و کەڵە شاعیرانەی ڕابردوو نەیتوانی خۆی لەم زیانە ڕزگار بکات، جا دەبێ ئەدەبیاتی داستانی کە هەموو مێژووەکەی ناگاتە سەد ساڵ و بە ئەژماری قامکەکانی دەست نووسەری لێهاتووی تێدا نییە چی بەسەر بێت!؟. بۆیە پێموایە ئەگەر لە پێشوودا کاری ڕەخنەگری کورد-زیاتر- شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە باشەکان بووە و زۆر بە دەگمەن پەرژاوەتە سەر دەقە لاوازەکان، ئەمڕۆکە

www.kurdishbookhouse.com

ئەرکێکی سەلبیشی بۆ دەستنیاش کراوە، ئەویش شیکردنەوە و ناساندنی دەقە لاوازەکان و هۆی لاوازبوونیان لە ئاست (پێکهاتە) و ئەدەبییەتی دەقە. ئەم کارە- لە سەردەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان- تا ڕادەیەک دەتوانێ پێش بە شانتاژ و پێهەڵگوتنی ساختەچیانە بگرێت و لانیکەم بەشێک لە خوێنەران لەم هرووژمە ئاگادار بکاتەوە.

لە حەوتەکانی ڕابردوودا ڕۆمانی (ئەلف/یا) لە نووسینی بەڕێز ڕەزا عەلیپوور، لەلایەن (چاپەمەنی مانگ)ـەوە بڵاوکرایەوە. لە درێژەی ئەم وتارەدا دەمهەوێت هەندێک لە لایەنە لاوازەکانی ئەم کتێبە شی بکەمەوە و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی "پێکهاتە" و "کەرەستەکانی گێڕانەوە"ـەوە، پاژە نەگونجاوەکانی دەربخەم.

بەپێویستی دەزانم بەرلەوەی بچەمە سەر باسی ڕۆمانەکە، ئاماژە بە دوو وتار بدەم کە بەناوی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ئەلف/یا پێشتر بڵاوبوونەوە. دیارە لەم وتارەدا دەرفەتی ئەوە نییە بە وردی کێشەی ئەم نووسراوانە تاوتوێ بکەم، بۆیە تەنیا لەنگەر دەگرمە سەر چەند هەڵەی سەرەکی لە شێوازی نووسین و هەڵسەنگاندنیاندا:

وتاری یەکەم «تێکچرژانی تەکنیکەکان؛ لە نێوان گێڕانەوە و گێڕەرەوە و بەردەنگدا لە ڕۆمانی (ئەلف/یا)»یـە نووسینی بەڕێز (دلاوەر ڕەحیمی)، کە لە ماڵپەڕی (**negativegroup.org**)ـدا بڵاوکراوەتەوە و چەند هەڵەی بەرچاوی تێدایە. یەکەم: نووسەر لەسەرەتادا بێئەوەی پێوەرەکانی (دەقی نووسیاری)- دەقی نقیساری- لە ڕوانگەی ڕۆڵان بارت لەناو ڕۆمانی (ئەلف/یا)دا دەستنیشان بکات، ئەم ڕۆمانە دەخاتە خانەی (دەقی نووسیاری)یەوە و لەم دەلاقەیەوە تاوتوێی دەکا. دیارە بۆ ناوزەدکردنی هەر دەقێک بەناوی (دەقی خوێنیاری) یان (دەقی نووسیاری) دەبێ لەپێشدا، بەڵگەکانی لەناو دەقدا دەستنیشان بکەین و دواتر بڕیاری لەسەر بدەین. ئەم بەڵگانە لە چوارچێوەی تیۆری بارتدا لە لایەن

www.kurdishbookhouse.com

نووسەرەوە دەستنیشان نەکراون. دووهەمین گرفتی ئەم وتارە، ئەوەیە کە دەستەواژەکانی دەقئاوێزان، پاراتێکستی، ئەودیودەق، سەرووەدەق و... وەک (تەکنیک) ناودەبا، لەحاڵێکدا بەو جۆرەی -ژێرار ژێنێت، ڕۆلان بارت، ژولیا کریستوا، مایکێڵ ڕیفاتێر و....- باسیان دەکەن، ئەمانە "دەستەواژەی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی" بۆ خوێندنەوەی دەقن، نەک "تەکنیکی ئەدەبی". بەواتایەک، بوونی ئەم دەستەواژانە لە ناو دەقێکدا، هەرگیز بەمانای بەرزی، واڵا یان مۆدێرنبوونی دەق نییە. بۆ نموونە لە دەقە پیرۆزەکانیشدا نموونەی دەقئاوێزانمان هەیە، بەڵام نایەنە خانەی دەقی مۆدێرنیستییەوە، یان لە چیرۆکێکی ساویلکەی منداڵانەشدا نموونەی پاراتێکست هەیە و ئەمەش هەرگیز بەمانای واڵا بوونی ئەم چیرۆکە نییە. سێهەمین کێشەی وتاری ڕەحیمی، نەبوونی مێتۆدێکی دیاریکراو بۆ هەڵسەنگاندنە، ئەو لەسەرەتاوە بە ڕوانگەی پێکهاتەخوازەکان دەستپێدەکا و دواتر دەچێتە سەر دەروونشیکاری یۆنگ. لە فەلسەفەی مێتۆددا، بەم گرفتە دەڵێن: (ئاڵۆزیی پارادایمی)، واتە دوو یان چەند تیۆری کە هەر کام سەر بە پارادایمێکن و ئەنتۆلۆژی و ئیپیستمۆلۆژییان پێکەوە جیاوازە بە زۆر لەگەڵ یەکیان تیکەڵکەین. یەکێک لە خەسارەکانی ئاڵۆزیی پارادایمی، ئەوەیە کە دیار نییە نووسەر بەپاڵپشتی چ ڕوانگە و فەلسەفەیەک بیر لە جیهانی دەق دەکاتەوە. بەڕێز ڕەحیمی هەڵبەت دەیتوانی وتارەکەی لە دووبەشدا ئاراستە بکات، بەشێک پێکهاتەیی و بەشیتر بۆ شیکردنەوەی سیمبۆلە دەروونشیکارییەکان. وتاری کاک دلاوەر کێشەیەکیتریشی هەیە، ئەویش بە هەڵە بەکارهێنانی هەندێک لە دەستەواژەکانی ڕەخنەی ئەدەبییە، بەڵام لێرە دەرفەت نییە باسیان بکەم.

نووسراوەیەکیتر -کە من لە ناو تۆرەکۆمەڵاتییەکاندا هاتە بەر چاوم و وێدەچێت نووسەر لەسەر پەیجی خۆی بڵاویکردبێتەوە-، وتاری «چۆن ڕۆمان بنووسین؟؛ لەبارەی ڕۆمانی "ئەلف/یا"ی ڕەزا عەلیپوور»ـە لە نووسینی بەڕێز حەمە مەنتک. گرفتی سەرەکی ئەم نووسراوەیە نەبوونی تیۆری و مێتۆدی

www.kurdishbookhouse.com

دیاریکراوە، دیار نییە نووسەر لەسەر چ خانەیەکی تیۆریک ئەم دەقە شی دەکاتەوە، بۆیە زیاتر وەک خوێندنەوەی تاکەکەسیانە و شرۆڤەکارانە دەچێت تا ڕەخنەی ئەدەبی. دووهەمین گرفت: ناوزەد کردنی (ئەلف/یا) بە ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرنیستییە، نووسەر دەڵێت: «ڕۆمانی ئەلف/یا، ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرنەیە، لە هەمان کات میتاسەرهاتە(میتافیکشن). تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆک یەکێکە لە خاسیەتەکانی ئەم ڕۆمانە». نەبوونی تایبەتمەندییە پۆستمۆدێرنیستییەکان لە ڕۆمانی (ئەلف/یا)دا لە درێژەی ئەم وتارەدا باس دەکەم. بەڵام ئەوەی کە نووسەر بوونی چیرۆک لەناو چیرۆکدا بە مێتافیکشن ناوزەد دەکا جگە لەوەی هەڵەیەکی بنەڕەتی و ساویلکەیە بۆ پێناسەکردنی مێتافیکشن، بەڵکوو مانای فەرهەنگنامەیی ئەم دەستەواژەیەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چیرۆک لەناو چیرۆکدا تەنیا یەک خسڵەتی مێتافیکشنە و زەرووریش نییە حەتمەن بوونی هەبێت- و، ئەم خسڵەتەش تەنانەت لە چیرۆکی هەرە کلاسیکدا هەیە و پێویست نییە حەتمەن چیرۆک پۆستمۆدێرن بێت تا چیرۆک لەناو چیرۆکیدا هەبێت، بۆ نموونە (بەیت)ی "شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی"، پۆستمۆدێرن نییە بەڵام چیرۆکی لەناو چیرۆکدا هەیە. مێتافیکشنی پۆستمۆدێرنیستی زۆر بەربڵاوە و زۆرجاریش چیرۆک لەناو چیرۆکدا بوونی نییە.

لە درێژەی ئەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە ڕوانگەی فۆرمالیستی و کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی قوتابخانەی (پێکهاتەخوازی)، کە پرسیاری سەرەکییان لەسەر پێکهاتەی دەقە و، بە هەڵسەندگاندنی نیزامی دەق، هەوڵ دەدەن ئەدەبی/هونەری بوونی دەقێک دیاری بکەن، هەندێک لە پاژەکانی (ئەلف/یا) شیکەمەوە. قوتابخانە فۆرمالیستییەکان- فۆرمالیزمی ڕووس، پێکهاتەخوازی و، فۆرمالیزمی ئەمریکی-ئینگلیسی-، بەر لە هەر شتێک ئەم بابەتە دەخەنە بەر باس: کە چ خسڵەتگەلێک لە ناو بەرهەمدا، بەرهەمەکە دەکاتە بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی؟. «بەپێی ئەم تیۆریانە [فۆرمالیزم] خاڵی جیاوازیی بەرهەمی

www.kurdishbookhouse.com

هونەری لە دیکەی بەرهەمەکان، نابێت لە پێوەندی ئەو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، هونەرمەند یان بەردەنگ، بەڵکوو دەبێ لە نیزامی خودی بەرهەمەکەدا بۆی بگەڕێی.»(موران،۱۳۹۹:۱۸۵). هەر بۆیەش بۆ تاوتوێی (پێکهاتەی گێڕانەوە)، مێتۆدی گێڕانەوەناسی و بۆ شیکردنەوەی (پێکهاتەی چیرۆک)یش، نیشانەناسیی گێڕانەوەیی بەکار دێنن. بەشی یەکەم جەختی لەسەر کەرەستەکانی گێڕانەوەیە و بەشی دووهەم، تاوتوێی "ئەو شتەیە وا دەگێڕدرێتەوە" و جەختی لەسەر گەلاڵە و کاراکتێرسازییە.(ژوو،۱۳۹٤: ۷۱-٦۹). ڕەنگە یەک دوو سەرچاوە کە ئاماژەم پێکردوون، نووسەرەکانیان سەر بە قوتابخانەی پێکهاتەخوازی نەبن-وەک تێری ئیگڵتۆن- بەڵام ئەم کتێبانەی لەوانم هەڵبژاردەوە هەر بەم ڕوانگەیەوە نووسراون، واتە هەڵسەنگاندنی پێکهاتە و فۆڕمی دارژتنی بەرهەمی ئەدەبی. سەبارەت بە مێتۆدی ئەم وتارە، پێویستە ئەمەش زیاد بکەم: لە چەند جێگەدا بۆ جیاکردنەوەی شێوەڕوانینی (کلاسیک، مۆدێرنیستی و، پۆستمۆدێرنیستی)[1]، لە مێتۆدی (شیکاری-وەسفی) لە بەستێنی فەلسەفیدا، بۆ پێناسەکردنی خسڵەتە جیاوازەکانی (بەسووژەکردن) کەڵکم وەرگرتوە.

بوونی کەمایەسی لە نیزام و پێکهاتەی دەق و هەروەها نەگونجانی کەرەستەکانی گێڕانەوە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە لاوازیی نووسەرەوە هەیە. ئەوەی کە نووسەر نەیتوانیوە بووتیقا و لۆژیکی ڕۆمان ڕەچاو بکات کێشەیەکە کە دەگەڕێتەوە سەر فامی ناتەواوی ئەو لە بەکارهێنانی ماکەکانی گێڕانەوە و هەڵبژاردنی شێوەڕوانینی بۆ سووژەی چیرۆک. بە هۆی ئەوەی لە زۆربەی لێدوانەکاندا، ڕۆمانی (ئەلف/یا) بە دەقێکی مۆدێرنیستی یان پۆستمۆدێرنیستی ناسراوە، بەشێکی ئەم وتارەم تەرخان کردووە بە بنەما فەلسەفییەکانی کلاسیسیزم، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم. لەم باسەدا هەوڵم داوە ئەوە نیشان بدەم کە تەنیا بەکارهێنانی "تەکنیک"، "ئاڵۆزکردنی پاژەکان" یان "لێڵکردنی فەزای چیرۆک"، نیشانەی جیاوازبوونی دەق نییە، بەڵکوو جیاوازبوونی دەق ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر شێوەڕوانینی دەق بە جیهان.

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ ئەلف/یا لەسەر چ شێوازێک نووسراوە؟

دێڤید دیچێز و جۆن ئیستۆڵۆردی سێ هۆی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانی مۆدێرنیستی دەستنیشان دەکەن، هەر کام لەم هۆیانە، پاژێک لە نووسین و ڕوانینی مۆدێرنیستی ئاراستە دەکەن کە دواتر لە بەکارهێنانی پێکهاتەی گشتیی ڕۆماندا ڕەنگدانەوەیان هەیە. یەکەم: تاکگەرایی و دژایەتی ڕوانگەی تاکەکەسی لە هەمبەر ڕوانگەی گشتیی کۆمەڵگا، دووهەم: دەرکی نوێ لە زەمەن و دژایەتی لەگەڵ زەمەنی هێڵەکی و تەقویمی، سێهەم: ئەندێشەگەلی نوێ سەبارەت بە ماهییەتی زەینی نەستەکی مرۆڤ کە بەتایبەت لە کارەکانی فرۆید و یۆنگدا بەدی دەکرێ (دیچز و استُلوردی،١٣٨٩)

هەرکام لەم بیرە نوێیانە بەشێک لە ڕۆمانی مۆدێرنیستی شەمەند دەکەن و لە پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ پێکهاتەی گشتیی گێڕانەوە دان. بە وتەی دیچێز و ئیستاڵۆردی، ڕۆماننووسانی مۆدێرنیستی بەم دەرئەنجامە گەیشتن: ئەو پێشزەمینانەی وا باوەڕی گشتی سازدەکەن، ئیتر لە ساحەی متمانەی گشتی داکەوتوون و باوەڕەکانی ئەوان "تاکەکەسیتر" بوونەتەوە. ئەم شێوەدیتن و باوەڕە تاکەکەسیانە بووە هۆی وەدیهاتنی ڕوانگەی تاک و تایبەت لە ناو ڕۆماندا. بەوتەیەکیتر، ئیتر باوەڕ بە حوکمێکی گشتی بەسەر جیهاندا بوونی نەبوو کە ڕۆماننووسانی مۆدێرنیست وەک نووسەرانی کلاسیک باسی لێوە بکەن. لە پاڵ ئەم ڕوانگەیەوە، دەرکی جیاوازی مرۆڤی سەردەم لە زەمەن، دژایەتی لەگەڵ زەمەنی هێڵەکی پەیدا کرد. ڕووداوەکان بە مانای کلاسیک، بەدوای یەکدا ڕوونادەن بەڵکوو بەهۆی توانستی "بیرەوەری" مرۆییەوە، گشت ڕووداوەکان لە ئان و ساتێکدا و بێ هیچ لۆژیکێکی هێڵی لە "ئێستادا" بوونیان هەیە. ئەگەر نووسەری کلاسیک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردوو پێویستی بە ڕستەگەلی وەک: "ئەم بابەتە بیری هێنایەوە کە....." یان " بەبیری هاتەوە کە...." بوو، نووسەری مۆدێرنیستی ئەم هێڵە تێکدەشکێت و زەمەن دەبێتە ڕەوتێکی

هەمیشەیی لە مێشکیدا، بۆیە ڕووداوەکانی چیرۆک بەدوای یەکدا ناگێڕێتەوە و تێکەڵاوێک لە زەمەنی بەسەرهاتەکان باس دەکا. سەرهەڵدانی تیۆری دەروونشیکارانەی فرۆید، بەشی بزربووی مێشکی مرۆڤی زیندوو کردەوە- هەڵبەت نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت ڕۆماننووسان بەر لە فرۆید وەها باسگەلێکیان لەبارەی زەینی مرۆڤ ئاراستە کردبوو. بەڵام پەرەگرتنی تیۆری فرۆید لە قاڵبی زانستیدا، ئەم باسەی بە گەشەیەکی زێدەترەوە ئاراستە کرد. ئەمجارە نووسەرانی مۆدێرنیست بە گەڕان لە ناو زەین و بیرەوەری کاراکتێرەکاندا، جیا لە شەمەندکردنی ڕوانگەی تاکەکەسییانە و هەروەها تێکدانی هێڵی زەمەن، بەشی نەستەکی و داڵغە شاراوەکانی مرۆڤیشان پێناسە کرد. سەرنجی مرۆڤ بە ژیانی دەروونیی خۆی و دەربڕینی داڵغەکانی، زیاتر لە پێشوو لە کۆمەڵگای دوورخستەوە و چەشنێک لە "کاراکتێری دەروونناسە" و "تەنیا"ی لە ئەدەبیات زیاد کرد. کاراکتێرێک کە بەهۆی ڕوانگە جیاوازەکانییەوە، تاک و تەریک و ناهومێد دەمێنێتەوە و توانای پێوەندی گرتنی لەگەڵ کۆمەڵگا نامێنێت. «قاڵبی پەسەندکراوەی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییە بیرورووژێنەکانی سەدەی بیستەم [سەدەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مۆدێرنسیتی][2] تەواو ڕەشبینانە و خەمۆک و ناهۆمێدانەن»(کتِل،١٣٨٩:١١٨)

وەها دەرکێکی نوێ لە جیهانی مرۆیی، شێوازی گێڕانەوەشی تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی کرد. گێڕانەوەی ڕوانگەی تاک و تایبەت و، فامی نوێ لە جیهانی مرۆیی، پێویستی بە چەشنێکیتر لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی گێڕانەوە و بەگشتی نیزامی گێڕانەوەیە. چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە، "تەکنیکی نوێ" بەرهەم دێنێت. هەر بۆیە تەکنیکی نووسینی ڕۆمانی مۆدێرنستی-یان هەرچەشنە ڕۆمانێک- لە دوای گۆڕانکاری بەسەر ڕوانگەی مرۆڤ بە جیهاندا بەدی هات. هەر شێوەگێڕانەوەیەک پێویستی بە چەشنێک لە تەکنیکە. کەواتە تەنیا بەکارهێنانی تەکنیکەکان نابێتە هۆی جیاوازی چەشنی ڕۆمان، بەڵکوو

www.kurdishbookhouse.com

ئەوە "شێوەڕوانین بە جیهان"ـە کە ئەم جیاوازییە بەرجەستە دەکاتەوە و ڕۆماننووس دەخاتە ساحەیەکی تایبەت لە گێڕانەوەدا.

ئەگەر بەم بەڵگانەی سەرەوە سەرنجی ڕۆمانی ( ئەلف/یا) بدەین، هیچ کام لەم سێ پێوەرەی وا  دێڤید دیچێز و جۆن ئیستالۆردی بۆ رۆمانی مۆدێرنستی دیاری دەکەن، تێیدا بەدی ناکرێت. دەرکی یووسف-کاراکتێری سەرەکی- لە دیاردەکانی جیهان، جیاوازی لەگەڵ دەرکی گشتیی مرۆڤەکانیتر نییە. ئەو وەک تەواوی پیاوەکان لەسەر شتی زۆر ئاسایی لەگەڵ خێزانی-لەیلا- ناکۆکە، بەئاسانی لەگەڵ (حافز بینایی) بۆ ساخکردنەوەی دەستنووسەکانی (داوود ئامێدی) بە دەرنجامێک دەگا و بەئاسانی لەگەڵ (ئایسان) پێوەندی دەگرێت. یووسف هیچ دیاردەیەک بە شێوازی جیاواز نابینت، تەنانەت وێکچوونی ڕوانگەی یووسف لەگەڵ کۆمەڵگا تا ڕادەیەکە کە زۆرجار وەک (داوود ئامێدی –بە دووسەد ساڵ جیاوازی سەردەمەوە- بیر دەکاتەوە. (لە درێژەدا ئاماژە دەکەم لە کوێدا ئەم دوو کەسایەتییە وەک یەک بیر دەکەنەوە). کەسایەتی یووسف هیچ خسڵەتێکی تاکانە و تایبەتی نییە کە خوێنەر هەست بکا جیهان جیاواز لە مرۆڤەکانیتر دەبینێت. بۆ نموونە لە هیچ شوێنێکی (ئەلف/یا)دا، نابینین کاراکتێرەکانیتر بە هۆی "ڕوانگەی جیاواز"ی یووسف لێی دوور بکەونەوە، تەنانەت لە نامەی (لەیلا)ـی خێزانی دا، ئاماژە بە کەسایەتی تاکی ئەو نەکراوە، بەڵکوو هەر ئەو شتانە باس دەکا کە ڕەنگە بۆ هەر ژنێک ئازاردەر بن (بۆ نموونە کەتنە ئەخلاقییەکانی یووسف). «سەرنجدان بە "شەپۆلی زەین" و نواندنەوەی بیرەکان لە ناو مێشکی تاکدا، بووە هۆی جەخت کردن لەسەر تەنیایی زاتیی تاک؛ چون هەر زەینێک تایبەت و جیایە لە زەینەکانیتر؛ وە ئەگەر ئەو جیهانە ڕاستەقینەیەی تێیدا دەژین هەر ئەم جیهانە تایبەت و تاکەکەسیانەی زەینمان بێت،[...][3] ئەوکات گشتمان مەحکوومین لە ناو زیندانی زەهنییەتی فام نەکراوی خۆماندا بژین»( دیچز و استلُوردی،۱۳۸۹:۱۱۱). ئەگەر یووسف تەنیا و بێپارە ماوەتەوە نەبەهۆی "ڕوانگەی جیاواز" یان "نەتوانین لە

پێوەندیگرتن" وەک کاراکتێرە مۆدێرنەکانە، بەڵکوو خزموکەسوکار لە ترسی کەسایەتییە نێوەچڵە سیاسییەکەی لێی تەرە بوون و خێزانیشی بەهۆی ئەرکنەناسی و کەمترخەمی دەیهەوێت لێی جودا بێتەوە.

کاراکتێری یووسف بێ هیچ "کێشەیەک لە ڕوانگەدا" لەگەڵ (ئایسان) پێوەندی دەگرێت، هاوڕێیەتی لەگەڵ (ئورهان و پەریسا) خۆشە، تەناتەت پێوەندی سێکسی لەگەڵ دایکی یەکێک لە خوێندکارەکانی هەبووە(ل:٤٩)[4]، بە پارەیەک ڕازی دەبێت دەستنووسەکانی ئامێدی ساخ کاتەوە. ئەگەر لە چۆنیەتی ساخکردنەوەی دەستنووسەکان لەگەڵ ناوەندی توێژینەوە دەکەوێتە ناکۆکی، ئەم ناکۆکییەش، ناکۆکییەکی تەواو ئاساییە و نیشانەی جیاوازی کەسایەتی یووسف لەگەڵ ئەوانیتر نییە. تەناتەت دەبینین ئەم ناکۆکییە بۆ ئامێدیش هەیە و ڕەنگ بۆ هەزاران نووسەریتریش پێش بێت. یووسف هەر بە پێشزەمینەکانی کۆمەڵگا بیر لە جیهان دەکاتەوە. لە ناو (ئەلف/یا)دا بەڵگەیەک بۆ ڕوانگەی جیاوازی یووسف نادۆزینەوە و تەنیا چەند ناکۆکیی ئاسایی هەیە کە نایەتە خانەی "جیاوازی بیرکردنەوەی تاک". کەواتە یەکەم پێوەری دژە مۆدێرنیستی و تەواو "کلاسیک" لێرەدا دەردەکەوێت و کاراکتێری یووسف وێکچوونی لەگەڵ کەسایەتی کلاسیک هەیە نەک مۆدێرن.

دووهەم: گشت ڕووداوەکانی (ئەلف/یا) لەسەر لۆژیکی هێڵەکی نووسراونەوە. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم دا ئەمە لۆژیکی ئەدەبیاتی کلاسیکە نەک مۆدێرنیستی. ئەگەر سەرنج بدەن لە بەشی یەکەمدا یووسف ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ حافز و پێشنیاری ساخکردنەوەی پەرتووکەکان و، ئەوەی کە لە داهاتوو دەبێ بچێتە تاران، دەگێڕێتەوە. لە بەشی دووهەمدا، سەفەری تاران و گەڕانەوە و ئاشنایی لەگەڵ ئایسان و هاتنەوە بۆماڵی یووسف. بەشی سێهەم: ڕابواردنی لەگەڵ ئایسان و دەرکەوتنی لە پرتاوی (واکمەنێک) لەماڵ دا. بەشی چوارەم: - کە زۆربەی بە دەستنووسی ئامێدی پڕ کراوەتەوە-، لە پاژێکدا باسی خۆی و



www.kurdishbookhouse.com

ئایسان لە ماڵێدا دەکات و لە چەند پاژێتردا باس لە شێوازی ساخکردنەوەی دەستنووسەکان لەگەڵ حافز. بەشی پێنجەم: سەردانی بۆ ناوەندەکە و نامەی ئایسان کە گەڕاوەتە بۆ تاران و لە پاژێکی بێ سەروبەریشدا باس لە دانەوەی واکمەنەکە دەکا. بەشی شەشەم: پرۆسەی کۆتایی هاتنی ساخکردنەوەی دەستنووسەکانە.

ئەگەر سەرنج بدەن تێکڕای ئەم بەسەرهاتانە هێڵەکین، هیچیان لە بواری زەمەنی ئاساییدا وەپێش ئەوەیتریان ناکەون. تەناتەت لە ناوەڕۆکی بەشەکاندا وەختێک دەیهەوێت بەسەرهاتێکی ڕابردوو لە ئێستادا بگێڕێتەوە، لە تەمهیدی کلاسیک کەڵک وەردەگرێت. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٧٩دا، بە بیانووی نیشاندانی وێنەکان، باس لە ڕابردووی خۆی و لەیلا دەکا، واتە وەک نووسەری کلاسیک کۆدێک بەرجەستە دەکاتەوە. بە وتەی دیچێز و ئیستاڵۆردی ڕابردووی کلاسیکەکان هەمیشە بیانوویەکی لەم چەشنەیەیان لەگەڵە[5] (دیچز و استُلوردی:١٠٩). یان لە لاپەڕەی ١١دا، وەختێک سەردانی ماڵێ دەکا و بێجێوڕێی خۆی بیر دێتەوە، ئاماژە بە ڕابردوو دەکا و مەرگی باوکی لە لاپەڕەکانی ١٢ و ١٣ دێنێتە ئاراوە. زۆربەی گەڕانەوەکانی (ئەلف/یا)، فلاشبەکی کلاسیکن و لە خانەی پێناسەی مۆدێرنیستیدا جێگیر نابن. واتە دەرکی زەمەن لە (ئەلف/یا)دا، هەمان دەرکی هێڵیی ڕووداوەکانە. بۆ نموونە: باشترین دەرکی مۆدێرنستیی زەمەن لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، ڕۆمانی (گۆڕەشار)ی سەید قادر هیدایەتی و، ڕۆمانی (ژیانەوە بەکاتی سیروان) نووسینی مەنسوور تەیفووریە. ئەم شێوە لە زەمەن لە (ئەلف/یا)دا نییە. بەم پێیە دووهەمین پێوەری مۆدێرنستی ڕۆمانیش لە (ئەلف/یا) دا نابینین و دەرکی زەمەنیش کلاسیکە.

سێهەم: دەروونناسی و دەروونشیکاریی کاراکتێر. مەبەست لە کاراکتێری دەروونناسانە، ئەوەیە کە کاراکتێر/گێڕەوە(ڕاوی) زیاتر لەوەی باس لە



www.kurdishbookhouse.com

ئۆبژەکانی دەرەوە بکات، باس لە دەروونی تێکچڕژاوی خۆی دەکا. ئەم باسە دەروونییە لانیکەم دوو هۆی هەیە: یەکەمیان زانیاری ناتەواوی کاراکتێر/گێڕەوە بەسەر دیاردەکانە. لە ڕوانگەی مۆدێرنیستەکانەوە، ئۆبژەکان نامسۆگەرن و ئێمە ناتوانین بەتەواوی بیانناسین، هەر بۆیە لەجیاتی باسی مسۆگەر و حوکمی گشتی، تەنیا شرۆڤەیان دەکەین. ئەم شرۆڤەیەش زۆرجار تووشی قەیران دەبێت و تەنیا ئاڵۆزی شرۆڤەکانی لێ دەکەویتەوە، هەر بۆیە کاراکتێر/گێڕەوە شتێک باس دەکا کە بەنسبەتی ئۆبژەکانی دەرەوە ئەگەری ناسینی زیاتری هەیە، ئەویش "دەروون و داڵغەکانی خۆیەتی". «[...] ڕاوێژی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم، جیا لە ڕوانگەی ئاراستەکراویان، ڕاوێژێکە تەژی لە گرژی و نامسۆگەری"(کتل،١٣٨٩:١١٦). دووهەمین هۆ: -کە پێوەندی بە هۆی یەکەمەوە هەیە- جیاوازی ڕوانگەی تاکەکەسیی کاراکتێرە لەهەمبەر ڕوانگەی کۆمەڵگادا، واتە وەختێک مرۆڤ بەم دەرئەنجامە گەیشت کە ڕوانگەی مرۆڤەکان تەنیا شرۆڤەیەکی پەتییە لە جیهان، ئەم داڵغەیە دەباتەوە ناوەوەی خۆی و زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆی دێتە ئاخاوتن و باس لە شێوەڕوانینەکانی خۆی دەکا. نموونەی هەرە باشی ئەم کاراکتێرە دەروونناسانەیە لە ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، لە (باڵندەکانی دەم با)ی عەتا نەهاییدا دەبینینەوە. لەم شاکارەدا کاراکتێری (میهرەبان) و (گێڕەوە) بەردەوام لەسەر دەروونی کاراکتێر و داڵغەکانی قسە دەکەن.

ئەم پێوەرە تا ڕادەیەک لە (ئەلف/یا)دا بەدی دەکرێت، بەڵام بەشی زۆری تەژییە لە باسکردنی دیاردەکانی دەرەوە بە بێ سەرنجدان بە زەینی نەستەکی و دەروونناسانەی کاراکتێر. پێویستە ئاماژە بکەم، باسکردن لە (دیاردەکانی دەرەوە) هەرگیز بەم مانایە نییە کە هەر کاراکتێرێک لەسەر ئۆبژەکان دوا، ئەوە یانی ئەم کاراکتێرە بە پێناسەی مۆدێرنیستی، دەروونناسانە نییە، مەبەست لێرەدا شەمەندکردنی دەروونی نەستەکی کاراکتێرە، واتە وەختێک لەسەر دیاردەیەکی جیهانی دەرەکی قسە دەکا، ڕوانینی تاکی و نەستەکی بەسەر

www.kurdishbookhouse.com

تاوتوێکانیدا زاڵە. بۆ نموونە کافکا لە ڕۆمانی (کۆشک)دا باس لە کۆشک-وەک دیاردەی دەرەکی- دەکا، بەڵام ئەوەی کە ناتوانێ بچێتە ژوورەوەی کۆشک و دەرگە و دەروازەکانی بۆ ئەو مانایەکیتریان هەیە، ئەم کاراکتێرە دەروونناسانە دەکاتەوە، چون خەریکە ئۆبژەیەکی دەرەکی ڕێک لە ڕێگەی دروونناسیی تایبەتی خۆی و ڕوانگەی تاکەکەسییەوە پێناسە دەکا.

ئەلف/یا، تەنیا لە چەند جێگەدا ئەم کارە دەکا، ئەم نموونانەی ژێرەوە وەک نموونەی سەرکەوتووی گێڕانەوەی دەروونناسانەی ئەلف/یا دێنە ئەژمار، - هەڵبەت ئەگەر بەتەنیا و جیا لە لۆژیکی ڕۆمان سەیریان بکەین:

"هەر وشەیەکت دەگووت خاترجەم نەبووی. دەتگووت کەسێکی دیکە لە هەناوتدا پاڵی داوەتەوە و دەدوێت؛ لەباتیی تۆ دەدوێت، تۆ ناتوانی چاری بکەیت و ئەو عەنتەرەی دەروونت بۆ خۆی دەدوێت. دەسەڵاتت نامێنێ، نە لە مانا و نە لە هێز و بێهێزیی وشەکەت، چ لە ئەخلاقی دێڕەکە، چ خراپ چ باش."(ل:٤٩).

"دەمەوێ هیچ نەبم جیا لەوەی دەینووسم؛ ئەوەی لە دەرەوەی نووسینمەوەیە، کەسێکە کە خۆم نیم، منە، ڕۆڵی منە، بەسەرمدا سەپاوە، دڵم پێی خۆش نییە، هەمیشە وامزانیوە هەموو شتێک، لە بەختەوەرییەوە تا چارەڕەشیی لە قۆناغی دواتردایە، ڕەنگە زۆربەمان واین. نازانم لە چ زەمەنێکدا دەژیم، هەست دەکەم بێڕەحمانەیە زەمان هەر سێ بەشی ببێت. کەمە، دەبێ شتێ دیکەش ببێت؛ کاتی چوارەمیش ببێت."(ل:١٣٢)

وەک لەم نموونانەدا دیارە- چەند نموونەیتریش هەیە- کاراکتێر بەباشی دەروونناسانە بۆتەوە و ئەم چەند پاژە لە (ئەلف/یا) دا جێکەوتووە. هەڵبەت ئەم پاژانە بە تاک وەها باش جێکەوتوون و ئەگەر لەگەڵ کۆی بووتیقای ڕۆمان بەراورد بکرێن دژوازییەکی بنەڕەتی لێدەکەوێتەوە، ئەم دژوازییە دەگەڕێتەوە



www.kurdishbookhouse.com

سەر دوو پێوەری مۆدێرنیستی کە لەسەرەوە باسمان کرد. بەو مانایە دەبێ ئەم سێ پێوەرە لە پێوەندییەکی پێکهاتەییدا بن بۆ ئەوەی بووتیقای مۆدێرنیستی بەرسازە بێت. لێرەدا ئەگەری ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نووسەری (ئەلف/یا)، تەنیا سەرنجی بەکارهێنانی (تەکنیک)ی داوە و، جیاوازی نێوان شێوەڕوانینەکانی کلاسیک و مۆدێرنیستی بۆ پرسیار نەبووە. بۆیە شایەتی ئەوەین ئەم شێوەگێڕانەوە دەروونناسانەیە لە چەند جێگەدا فەشەل دێنێت و ناچێتەوە سەر شێوەگێڕانەوەی مۆدێرنیستی.

یووسف لە زۆر شوێندا ڕێک وەکوو کامێرایەک دیاردەکانی دەرەوە پیشان دەدا، بێئەوەی هیچ شێوەڕوانینی دەروونناسە و تاکی بەسەر گێڕانەوەکەیدا زاڵ بێت. لە گێڕانەوەناسیدا بەم شێوەڕەوایەتە دەڵێن (ناوەندیکردنەوەی سیفر):

"دەستی چەپی توند بەفەرمانەوە گرتبووە:[...]"(ل:٩). "بەدەستی ڕاستی لاملی خوراند: [...]" (ل:٩). "سەیری بەرەدەستی خۆی کرد:[...]"(ل:٩). "لەسەر چوارڕێ وەستاوم. «وەرە بەر بانکەکە.» چاوەڕێی ویدم."(ل:٢٣). "لاملی وەک عادەت دەخورێنێت:[...]" (ل:٢٨). "سویچ بە دەستی چەپەوە و دیسان دەستەڕاستی لێ دەداتەوە:[...] (ل:٢٩)". "دوو ئەنیشکی لە سەر ڕانی دادەنێت و بە جگەرەکەوە پەنجەی لە لێو و چناکەیدا لێک قوفڵ دەکا:[...]"(ل:١١٤). "دەنگی دوور دەکەوێتەوە:«دەردی گەورەتریش هەیە...» ئاوەکەم بەرداوەتەوە:«چی؟» کترییەک دەخەمە بەری:«ئەمەش دەردە بڵێن چی بنووسی چی نەنووسی.» دەنگی نزیک دەبیتەوە:«ئەو شەڕە تازە نییە...» ئاوەکە دەگرمەوە: «زۆریش کۆنە.»جگەرەیەک ڕادەگرێت: «کوا چەرخەکە؟... شقارتە نا...» "(ل:١٤٢).

سەرنج بدەنە ئەم ڕستانە- کە نموونەیان لە ناو (ئەلف/یا)دا زۆرە-، گشتیان باس لە ڕواڵەتی هەڵسووکەوتەکان دەکەن، بەم چەشنە لە فەزاسازیی سینەماییش

نزیکتر دەبێتەوە تا گێڕانەوەی دەروونناسانەی ڕۆمان. شێوازی سینەمایی-کە بۆ ڕۆمان ناشێت- لە لاپەڕەکانی ٧٩ تا ٨٢ کە لەودا یووسف هەندێک وێنە بە ئایسان نیشان دەدا دەگاتە لووتکەی خۆی. فەزاسازیی ڕۆمان لەگەڵ سینەما تەواو جیاوازە، لە نووسینی سینەماییدا پێویست ناکا، نووسەر، خوێنەر بەرێتە ناو مێشکی کاراکتێرەوە، یان ئەوەی کە دیاردەکان (نیشان)بدا، بەڵکوو تەنیا ڕواڵەتێک لە شتەکان دەنوێنێتەوە. نووسینی سینەمایی دواتر بە کەرەستەی کامێرا و ڕۆڵگێری کاراکتێر، ئەم بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە، بەڵام ڕۆمان تەواو لەسەر "نووسین" جێگیرە و ناکرێ لە نووسیندا ئەم بەشە گرینگە ڕەچاو نەکەین.

بەم بەڵگانەی لەسەرەوە هێنامانەوە، (ئەلف/یا) دێتە خانەی ڕۆمانی کلاسیکەوە و تەنیا لە چەند جێگەدا هەوڵی (تەکنیک)ی مۆدێرنیستی داوە. ئەم هەوڵانە لەجێی ئەوەی دەق بۆ ڕۆمانێکی مۆدێرنیستی هان بدەن، وەک بووتیقای نەگونجاوی ڕۆمان دێنە ئەژمار. چون هەر تەکنیکێک دەبێ پێوەندی بە کۆی بووتیقا و لۆژیکی گشتیی ڕۆمان و هەروەها "شێوەڕوانینی" ڕۆمانەوە هەبێت. لە ڕاستیدا تەنیا "تێکدانی پاژەکان" و "بەکارهێنانی ڕواڵەتێک لە جیهانی ئاڵۆزی کاراکتێر"، نیشانەی مۆدێرن یان پۆستمۆدێرن بوونی دەقێکی ئەدەبی نییە. ئەوەی ئەم دەقانە لە یەک جیا دەکاتەوە بەر لە هەر شتێک "شێوازی بەسووژەکردن"، "شێوەڕوانینی جیاوازی نووسەر بە جیهانی مرۆیی" و "دەرکی نوێ بە زەمەن و مانای ڕووداوەکان"ـە[6]. بەداخەوە وەها کەموکۆڕییەک، نەتەنیا ڕۆمانی (ئەلف/یا)، بەڵکوو زۆربەی ئەو ڕۆمان و شێعرانەشی گرتۆتەوە کە بەناوی دەقی مۆدێرن لە ئەدەبی کوردیدا بڵاو دەکرێنەوە. نووسەر یان شاعیر زۆر نەشیاوانە هەست دەکا تەنیا بەکارهێنانی چەند تەکنیک، دەقی ئەو لە دەقی کلاسیک جیا دەکاتەوە، لە حاڵێکدا وەک ئەوەی ئاماژەمان پێدا، ئەوە شێوازی ڕوانین بە جیهانە کە ئەم جیاوازییە بەرسازە دەکا.

www.kurdishbookhouse.com

بۆ تاوتوێی پاژەکانی (ئەلف/یا) لە سەرەتای چیرۆکەوە دەست پێدەکەین، سەرەتای چیرۆک لۆژیکی شێوەخوێندنەوەی خوێنەر ڕوون دەکاتەوە. لێرەدا تەنیا بە پشت بەستن بە بەشی یەکەمی چیرۆک، چەشنی کەسایەتی و هەروەها شێوەگێڕانەوە و شێوەڕوانینی نووسەر دێنینە بەر باس.

### ❖ سەرەتای چیرۆک:

سەرەتای ڕۆمان، یەکێک لە پاژە بنەماییەکانی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانە. لەم بەشەدا تا ڕادەیەکی زۆر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چەشنی لۆژیکی ڕۆمان چییە و ئێمەی خوێنەر چۆناوچۆن دەبێ ڕۆمانەکە بخوێنینەوە. (جان پێک) پاژی سەرەتایی ڕۆمان بە نیشاندەری خسڵەتەکانی کەسایەتی و داڵغەی سەرەکی ڕۆمان ئەژمار دەکا.(پێک:١٣٩٤).

سەرەتای چیرۆکی (ئەلف/یا)، بە حەقایەتێک لەبارەی فەرامۆشی و بێدەنگییەوە دەستپێدەکا. ئەم حەقایەتە ئەگەر پێوەندی بە کۆی ڕۆمانەکەشەوە نەبێ لانیکەم دەبێ لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ناو ئەم فەسڵە لە پێوەندی دابێت. بەخوێندنەوەی دێرەکانی یەکەم بۆمان دەردەکەوێت بەسەرهاتەکە لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا ڕوو دەدا، ساڵێک وا ڕابردووە و گێڕەوە لە زەمەن و کاتێکیتردا باسیان دەکا:

"-ئەدی.

پاییزی ١٣٨٧ بوو، تازە لە زیندان بەردرابووم کە ئەو پێشنیارەم پێدرا.

حافز گوتی: «ئامۆزاکەم تۆی بە ئێمە ناساندووە.»

لە بەندێک و سلوولێکدا بووین.

www.kurdishbookhouse.com

«ناوەندێک بەنیازە هەندێک دەستنووسی لێکبڵاو لە قەبارەی کتێبێکدا چاپ بکات.»

تا ماوەیەک وامدەزانی کێشەکان لەو ڕۆژەوە پەرەیان گرتوە. وانەبوو.

«کەسێکی بەسەلیقەمان دەوێت خەت بە خەت ڕێکیان بکات و سەر یەکیان بخاتەوە.»

کۆمەڵێک دەستنووسیان لەملاو و لەولا کۆکردبووەوە. هەرچییان چنگ کەوتبوو لە کۆگەی مەلازادە و خانزادە کڕیبوویان؛ وایان مەزەندە کردبوو هەندێکیش لە کتێبخانەی میللی تاران مابێت.

لەو چلوچوار ڕۆژەی لە زیندان خرابووم، زۆر کەسی دانسقە بوونە ناسیاوم؛ هەر کام داستان و درۆ و دەلەسەی خۆیان هەبوو. هەر لەوێش ئامۆزایەکی حافزم ناسیبوو. ئەو بە حافزی گوتبوو: «یووسف نووسەر و مامۆستای دەرکراوی قوتابخانەیە، توانای ئەو کارەی هەیە.» دڵنیام هەر ئەوە نەبووە، گوتوویەتی زۆریش پێویستی پێیەتی. وا بوو. پێشتر نەک هەر کاری لەو چەشنەم نەکردبوو، بەچاوی سووکیش سەیرم دەکرد. پێموابوو کاری پڕ و پیرانە، هەر بۆیە بە سانا دەمبینی. پێموابوو هێندە هاسانە خۆبەخۆ هەموو وردەکارییەکانی دەزانم. قەتیش بە بیرمدا نەهاتبوو بە ساغکردنەوەی دەقی کۆن وەها پێوە ببم." "(ل:٦-٥).

لەم چەند دێرەدا دیارە گێڕەوەی(ڕاوی) ئەم بەشە کاراکتێری چیرۆکە و ناوی (یووسف)ـە و، ماوەی چلوچوار ڕۆژ لە زیندان بووە، ئێستاکەش پێشنیاری ساخکردنەوەی پەرتووکێکی کۆنیان پێداوە. گێڕەوە، یەکەم کەسی تاکە و لە چەشنی گێڕەوەی هاوسانی-ناوەکییە. ڕۆمانەکە بە دەروونناسی کاراکتێرەوە دەست پێناکات و بە شێوەی چیرۆکێکی کلاسیک دەست دەکا بەگێڕانەوە، واتە وەسفی دۆخی ڕیالسیتی خۆی و فەزا دەکا. باوەڕێکی گشتی هەیە کە زۆربەی

www.kurdishbookhouse.com

چیرۆکە مۆدێرنیستییەکان بە دەروونناسی کارکتێرەوە دەست پێدەکەن(ایگلتون،١٣٩٨). «ڕۆماننووسی ڕیالیست لە دەلاقەی مێژوو، کۆمەڵگا، خزمۆکەس و بنکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەڕوانێتە ژیانی کەسەکان. ئەو کەسیەتیی پێرسۆناژەکان لە گەماروّی وەها قاڵبگەلێکدا دەبینێت» (ایگلتون، ٨٦:١٣٩٨). تا ئێرە بۆمان دەردەکەوێت لەگەڵ شێوەنووسینی ڕیالیستی و ڕوانگەیەکی کلاسیک بەروەڕووین.

لە درێژەی بەشی یەکەمی ڕۆمانەدا، ئەم زانیاریانەی ژێرەوەمان دەست دەکەوێت: یووسف، بە هۆی گیرانی کەلوپەلە قاچاخەکانی لەسەر سنوور زیانێکی ماددی بەرکەوتووە و ساڵێک دوای ئەم زیانە ماددییە-بەهۆی سیاسی-خۆشی دەگیرێت(ل:٧)، ئەو دەستنووسانەی داوایان لێکردوە ساخیان بکاتەوە "کۆمەڵێک ڕووداوی میرنشینی ئەردەڵان"ـە و، هی "خۆشنووسێکی بەتوانا و بەهەڵوێست"ـە(ل:١٠). لەگەڵ (لەیلا)ـی خێزانی کێشەی هەیە (ل:١٧-١٦-١٠). حەوت ساڵ پاش مەرگی باوکی، دایکی دەمرێت و، لە کاتی مەرگی باوکیدا تەمەنی حەڤدە ساڵ دەبێت (ل:١٢). لە زانکۆ فێری خواردن یان کێشانی ماددەی هۆشبەری (وید)-ماریجوانا- بووە(ل:٢٢) و، ئێستاکەش هەر گیرۆدەیەتی (ل:٢٣-٢٧). لە ڕێگەی ئاماژە بە کتێبی (**s/z**)ی ڕۆڵان بارت و بەشێک لە چیرۆکی (حووکم)ی کافکا دەزانین هۆگری ئەدەبیاتە (ل:٢٢) (هەڵبەت نووسەر ناوی چیرۆک و نووسەرەکەی ناهێنێت). لە ڕووی ئەخلاقییەوە، گرفتی هەیە و بەسەر خێزانییەوە حەزی لە ژنی سۆزانییە(ل:٢٣)، لە ئیمەیلی لەیلای خێزانی دا هاتووە : "باسی کەتنە ئەخلاقییەکانت ناکەم"(ل:١٦)(ئەم گرفتە ئەخلاقییە دوو جاریتر لە لاپەڕەکانی دواتر: ئاشنایی لەگەڵ "ئایسان" و هەروەها پێوەندی لەگەڵ دایکی یەکێک لە قوتابییەکانی(ل: ٤٩) باس دەکرێت). یووسف وەسواسی سەربارت بە چی و چۆن نووسین بۆ (حافز) لەبارەی پەرتووکەکانەوە هەیە (٢٧-٢٨). ئەو ناوەندەی یووسف قەرارە دەستنووسەکانی بۆ ساخکاتەوە "هی خانم و ئاغایەکی دوکتۆرە، ژنەکەی

سەرێکی ئەردەڵانـە و سەرێکی زەمیندار. خۆیشی کارخانەدارە، بیزینێسمەنە، چەکیان موعتەبەرە."(ل:٢٦). نووسەری پەرتووکەکان مەلایەکە بەناوی (داوود ئامێدی) و لە بەشێک کە لە فەسڵی یەکەم دا هاتووە، شێوە زاراوەی دەشتی هەولێر، موکریان و کورمانجی زیاتر پێوەدیارە تا ئەردەڵان، لەم بەشە لە دەستنووسی (ئامێدی)دا، باسی خوێندنی خۆی و کارکردن لە "دیوانخانێ" لەبەر دەستی "میرمونشیی گەورە" دەکا(٢٩-٣٣).

بە گوێرەی بەشی یەکەم، کەسایەتی یووسف بەم جۆرەیە: موعەلیم، هۆگری ئەدەبیات، بێئەخلاق، گیرۆدەی ماددەی هۆشبەری وید، چاوەڕوانی حوکمی دادگا و بێپارە. هەر کام لەم شوناس و حاڵەتانەی یووسف، خەجت لەسەر کەسایەتیی ڕیالستیی کلاسیکی کاراکتێر دەکەن. نەخشاندنی کەسایەتی لەم چەشنە، ئەزموونێکی کلاسیکە و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی بە شێواز و ڕوانگەی کلاسیک نووسراون هەیە «کاراکتێرەکانی ڕیالیستی زۆربەیان کەسانێکی ئاڵۆز و دژواز، جێگەی باوەڕ [مەبەست لای خوێنەر قەبووڵ دەکرێت وەها کەسێک لە جیهاندا هەبێت] و تەواو سازکراو و بەرهەم هاتوون. وێدەچێت زۆربەیان لە دراوسێکانی ئێمە ڕاستەقینەتر بن و، زۆربەشیان خۆشەویست و لەبەردڵانن»(ایگلتون:٨٧). کاراکتێری یووسف بەم پێناسەیە کاراکتێرێکی ڕیالیستی بە ڕوانگەیەکی کلاسیکەوەیە. بەڵام وێناچێت خۆشەویست بنوێنێت: بەهۆی گرفتە ئەخلاقییەکان و گیرۆدەبوونی بە ماددە هۆشبەرەکان.

تێری ئیگڵتۆن دەڵێت: «ڕەخنەگرانی ئەدەبی، لە ئەرەستووە تا ئەمڕۆکە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەرهەمی ئەدەبی دەبێ پێکهاتێکی گشتی و هاوپەیوەندی بەیەکەوە هەبێت، بەم جۆرە وا هیچ نیشانەیەکی پەرت و بێکار تێیدا بەدی نەکرێ و هەر شتێک لەسەر جێگەی خۆی بێت»(ایگلتون:٩١). جان پێک لە کتێبی (شێوازی هەڵسەنگاندنی ڕۆمان)دا لەسەر ئەو باوەڕەیە بۆ شیکردنەوەی

www.kurdishbookhouse.com

ڕۆمان نابێت تەنانەت لە خاڵبەندیش خۆشبین و دەبێ گشت پێکهاتەی ڕۆمان یەکگرتوو بنوێنێت. بە وتەیەک ئەگەر ئەم پێکهاتەیە یەکگرتوو نەبێت ڕۆمان تووشی کێشە دەبێت و تەنانەت دەتوانین ئەوە بڵێین کە دەقی بەردەستمان (ڕۆمان) نییە. وەها بۆچونێک لە ڕەخنەگرانی پێکهاتەخواز-تۆدۆرۆڤ، ژێرار ژێنێت، ڕیمۆن-کنان، سیمۆر چەتمەن، وێنسان ژوو و...-ش بە ڕوونی ئاشکرایە و بەر لە هەموو شتێک شیکاری (پێکهاتەی بووتیقا)ی ڕۆمان- کە کۆی کەرەستەکانی گێڕانەوە و فۆرمی دارژتنە- دەکەن. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونانە پرسیاری سەرەکی لە بەشی یەکەمی (ئەلف/یا)، دەبێ ئەمە بێت: حەقایەتی سەرەتایی چیرۆک چ پێوەندییەکی بە بەشی یەکەمەوە هەیە؟.

حەقایەتەکە باسی فەرامۆشی و بێدەنگی دەکا، بەڵام لە کۆی فەسڵی یەکەمدا یووسف ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ حافز بۆ ساخکردنەوەی دەستنووسەکان و ژیانی نالەباری خێزانیی خۆی دەگێڕێتەوە. واتە هیچ نیشانەیە- خەجت دەکەم: بە شێوەی پێکهاتەیی- کە باس لە پێوەندی حەقایەتی یەکەم و ناوەرۆکی فەسڵەکە بێت بوونی نییە. ئەگەر وەها نیشانەیەک هەبایە، دەبوو لە بازنەی دوو چەمکی فەرامۆشی و بێدەنگیدا بخولێتەوە. دەتوانین ئەمە وەک یەکەم گرفتی (ئەلف/یا) ئەژمار کەین. ڕەنگە بە شرۆڤەیەک بڵێین: حەقایەتی یەکەم، باس لە بزر بوونی بیرەوەرییەک دەکا و ئەم دەستنووسانەی ئامێدیش هەر خەریکن بیرەوەرییەکی بزربوو باس دەکەن. ئەم ئەنجامە تا ڕادەیەک دروستە بەڵام نایەتە خانەی "تاوتوێی پێکهاتە"ی ڕۆمانەوە، بەڵکوو تەنیا شرۆڤەیەکی تاکەکەسییانەیە و بەڵگەی فۆرمالیستیمان بۆ نییە. ئەگەر "شرۆڤە" بکەینە پێوەری ئەم باسە، ڕەنگە دەیان مانای لێبێتەوە و ئەوجار هەر دەقێک ئەگەرچی لە ئاست پێکهاتەی ئەدەبیشەوە لاواز و نزم بێت، ناکرێ ڕەخنەی لێبگرین و گشت نووسەر و هونەرمەندانی جیهان بارتەقای کافکا و بێکێت و جۆیس، نووسەرانی لێهاتوو دەبن!![7].

دووهەم گرفت، کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لە (گێڕەوەی چەشنی مێتافیکشنی پۆستمۆدێرنیستی)یە. لە پێناسەیەکی ئاساییدا: مێتافیکشن(**Metafiction**)، چیرۆکێکە لەبارەی نووسینی خودی چیرۆکی بەردەستمان.(وو،١٣٩٠). وەختێک نووسەر بە شێوەی ئاگاهانە لە ناو چیرۆکدا باس لە پرۆسەی نووسینی چیرۆکەکەی دەکا، ئەوە کەڵک لە مێتافیکشن وەردەگرێت. چەشنی مێتافیکشن تەنانەت لە چیرۆکی هەرە کلاسیکیشدا بەدەی دەکرێ، بۆ نموونە لە کتێبی(حەقایەتەکانی هەزار و یەک شەو) دا. بەڵام تەکنیکگەلی بەمێتافیکشنکردنی پۆستمۆدێرنیستی، بەربڵاون و نووسەر تەمهیدی زۆری لە بەر دەستە، یەک لەم تەمهیدانە ناوی (کورتەپێوەندی)[8]یە. لە کورتەپێوەندیدا، دوو یان چەند ئاستی گێڕانەوە تێکەڵ بەیەک دەبن و نووسەر برێک جار لەگەڵ کاراکتێرەکەی دەدوێت و کاراکتێرەکەش بە شێوازی جیاواز وڵامی دەداتەوە. یەکێک لە هۆیەکانی بەکارهێنانی کورتەپێوەندی بۆ نیشاندانی دەستکردبوونی چیرۆکە[9]. ئەوەمان نابێ لەبیر بچێت کەڵک وەرگرتن لە مێتافیکشن دەبێ تەواو لەگەڵ کۆی پێکهاتەی ڕۆمان یەک بگرێتەوە، ناکرێت بێ پێوەندییە سەرەکییەکانی پۆستمۆدێرنیستی لە تەمهیدی (کورتەپێوەندی) کەڵک وەرگرین. بەکارهێنانی ئەم چەشنە گێڕەوەیە، بێڕەچاوکردنی شێوەڕوانین و هەروەها پاژەکانیتری پۆستمۆدێرنیزم، ڕۆمانەکەمان تووشی نەگونجاوی بووتیقایی دەکاتەوە.

لە لاپەڕەی ١٨ی (ئەلف/یا)دا، بێ هیچ فەزاسازییەک، لە پڕڕا گێرەوە لە سێهەم کەسەوە دەبێتە دووهەم کەسی تاک. ئەوەی کە بۆ هیچ پێکهاتەیەکی فەزاسازی-تەنانەت سێ ئەستێرەش- لێرەدا بوونی نییە خۆی کێشە و گرفتێکی بنەڕەتی بۆ فەسڵی یەکەم و گشت پێکهاتەی ڕۆمانە. هەر بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسمان کرد، بچووکترین جووڵە لە ڕۆماندا دەبێ پێوەندی بە کۆ و لۆژیکی ڕۆمانەوە هەبێت. جیا لەم گرفتە تەکنیکییە، گێڕەوەی دووهەم کەسی تاک، لە ئان و ساتێکدا، ڕستەیەک بەکار دێنێت، کە بۆ گێڕەوەی مێتافیکشن

www.kurdishbookhouse.com

دەشێت نە گێڕەوەی ڕیالیستیی کلاسیک. " [...] یان نامەی جێگرە بۆ شاهەنشا؟ هەرچی دەکەیت زەینت لێی دەترازێت، نازانی وەک کوڕ نووسیویەتی یان جێگر. بەو بارانە بۆ کوێ؟"(ل:١٩). لە ڕستەی " بەو بارانە بۆ کوێ؟" ڕاستەوخۆ گێڕەوە لەگەڵ کاراکتێر دەدوێت، ئەمە هەمان (کورتەپێوەندی)ی مێتافیکشنە. ئەگەر کتێبی (ئەلف/یا) لەسەر پێکهاتەی پۆستمۆدێرنیستی و بە تەمهیدەکانی مێتافیکشن نووسرابایە، ئەم ڕستە دەبوو - بە قسە یان جووڵە- لە لایەن کاراکتێرە وڵام درابایەوە، بەڵام هیچ وڵامێک لەلایەن کاراکتێرەوە نییە و لە درێژەدا گێڕەوە خەریکی گێڕانەوەی خۆی دەبێت. ئەمش وەک گرفتێکی پێکهاتەیی (ئەلف/یا) دەتوانین ئەژمار بکەین.

وتمان شێوەڕوانینی کلاسیک بەسەر فەزای گشتی ئەم فەسڵەدا زاڵە. هەست دەکەم بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچونەم و لە درێژەی وڵام بە پرسیاری: ئەلف/یا بەچ شێوازێک نووسراوە؟- دەبێ زیاتر لەسەر جیاوازەکانی کلاسیسیزم، مۆدێرنیزیم و پۆستمۆدێرنیزم بدوێم، درێژەدان بەم وڵامە تەنیا بۆ خەختکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە (کلاسیسیزم، مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم) بەر لە هەرشتێک (شێوەڕوانین)ـن و، (تەکنیک) و (شێوەگێڕانەوە) لە پاش ئەم شێوەڕوانینەیە کە سەرهەڵدەدەن، کەواتە تەنیا بەکارهێنانی دەیان تەکنیکی مۆدێرنستی و پۆستمۆدێرنیستی بەهیچ ڕوو بەرهەمی ئێمە ناکاتە دەقێکی مۆدێرن یان پۆستمۆدێرن. لێرەدا هەوڵ دەدەم نموونەکانم هەر لە فەسڵی یەکەمی ڕۆمانەکە بێنمەوە و ئەوە نیشان بدەم لەسەرەتاوە ئێمە لەگەڵ چ ڕۆمانێک و چ دژوازییەکی ناوەکی بەرەوڕووین.

جان بارت، نووسەری ئەمریکی لە وتاری (ئەدەبیاتی بەتاڵکراو)دا، ئەو کێشە و پرسیارە شەمەند دەکاتەوە کە لە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا داوێنی زۆربەی چیرۆکنووسانی گرتبۆوە. پوختەی ئەم کێشەیە ئەوە بوو: «ئیتر چیدیکە ناتوانین لە ئەدەبیاتی داستانیدا داهێنان بکەین»(مَتس،



www.kurdishbookhouse.com

١٣٨٩). ئەم باسە بە هۆی ئەزموونگەلی جۆراوجۆر لە ئەدەبیاتدا سەری هەڵدا و نووسەرانی مۆدێرنیست لایان وا بوو، ئەدەبیاتی داستانی گشت توانستەکانی خۆی بەکار هێناوە و چیتر ناتوانێت لە پانتای داهێناندا ئیشێکی نوێ بکا. بە وتەی جێسی مەتس، زمانحاڵی ئەم نووسەرانە ئەوە بوو: «هەرچی ئێمە بینووسین ئەزموون کراوە، کەواتە داهێنانی ئەدەبی بەتاڵ بۆتەوە و چیرۆکنووسین تەنیا پاتەکردنەوەی تەکنیکگەلی پێشوویە». لەو سەردەمە و لە هەناوی ئەم باسانەدا، دەستەواژەی (مەرگی ڕۆمان) هاتە ئاراوە. لە وڵامی مەرگ و کۆتایی ڕۆمان زۆر باس و لێکۆڵینەوە کراوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە باسەکانی میلان کۆندێرا بکەین. بەڵام ئەوەی لێرەدا و بۆ ئەم بەشەی (ئەلف/یا) پێویستمانە، دەرکەوتەی ئەم باس و لێدوانانەیە لە پانتای گشتی ڕۆماندا.

کێشەگەلی لەم چەشنە (وەک مەرگ و کۆتایی ڕۆمان، کۆتایی داهێنان، ئەدەبیاتی بەتاڵکراو)، خۆی چەشنێکیتری لە گێڕانەوە بەرسازە کرد. ئەم چەشنە خودی (گێڕانەوە و شێوازی گێڕانەوە)ی کردە بابەتی چیرۆکەکانی. واتە بەجێگەی ئەوەی نووسەر وەک پێشوو چیرۆکێک لە جیهانی دەرەوە بەرسازە بکا و دەست بداتە گێڕانەوەی، خودی چەمکی (گێڕانەوە)ی کردە بابەت. ئەم هەڵوێستە، وشیاریی نووسەری لە کاتی نووسینەوەی چیرۆکدا وەک هێما و سیمبولێک بۆ (دەستکردبوونی) چیرۆکەکان ئاراستە کرد. بە وتەیەک، نووسەر و شێوەگێڕانەوەکەی نەک لە دەرەوەی "دەق" بەڵکوو لە ناو خودی چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە. جان بارت ساڵانێک پاش نووسینی (ئەدەبیاتی بەتاڵکراو)، وتارێکیتر دەنووسێ بەناوی (ئەدەبیاتی ڕاهێنانەوە؛ داستانی پۆستمۆدێرنیستی)، لێرەدا قسەی پێشووی خۆی وەردەگرێتەوە و وەها ئەدوێت کە ئەمڕۆکە ئێمە چەشنێکیترمان لە گێڕانەوە بەرهەم هێناوە ئەوەیش «بابەتی کردنەوەی خودی گێڕانەوەیە»(بارت،١٣٩٧).



www.kurdishbookhouse.com

هۆی سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە لە ئەدەبیاتدا، گومانی لە ڕادەبەردەری مرۆڤی سەردەم لە هەمبەر شرۆڤە یان ناسینی جیهانی دەرەکی بوو. ئەگەر لە ڕۆمانی کلاسیکدا، نووسەر بە تەمهیدی (دووبارە نواندنەوە) و لکاندی بە گێڕانەوە، ئەو زەینییەتەی شەمەند دەکرد: کە "حوکمێکی گشتی بەسەر جیهاندا هەیە" و وەختێک مرۆڤ بەم حوکمە گشتی و سەقامگیرە بگات، ئەوە دەتوانێ جیهان بگێڕێتەوە و بریاری لەسەر بدات. بەڵام لە ڕۆمانی مۆدێرنیستیدا بە هۆی گومان لە مسۆگەریی ئۆبژەکان، وەها دەرکێک لە دیاردەکان ناکرێ. واتە لە جیهانی مۆدێرندا ناقەتعییەتیی ئۆبژەکان بەرجەستە دەکرێتەوە. پێشکەوتنی زانست و سەرهەڵدانی فەلسەفەگەلیتر (بەتایبەت سەرهەڵدانی کەسانێک وەک نیچە، فرۆید و هایزێنبرگ) مرۆڤی بەرەوڕووی ئەم ڕاستییە کردەوە کە حەقیقەتێکی تاقانە لە جیهاندا نییە و هەرچی هەیە بەرسازەی مێشک و زەینی مرۆڤە. لە فیزیکی هایزێنبرگدا، بنچینەی نامسۆگەری و ناحەتمی بوون ئاراستە کرا، لە فەلسەفەی نیچەدا ڕەهەندە جیاوازەکانی حەقیقەت هاتە بەر باس و لە دەروونشیکاری فرۆیدا زەینی نەستەکی مرۆڤ باس کرا. هەمووی ئەمانە مرۆڤی بەرەو ئاقارێک لە نامۆیی و لێڵبوونی دیاردەکان هاندا.

دەرئەنجامی ئەم شێوەڕوانینە بوو کە مرۆڤی مۆدێرنی لەمەڕ ئۆبژەی دەرەکی خستە گومانەوە. بەم تەعبیرە، مرۆڤ تەنیا دەتوانێ ڕواڵەتێک لە شتەکان بنوێنێت، نەک حەقیقەتی شتەکان. هەرچی لە گێڕانەوەی مرۆڤدا هەیە تەنیا شرۆڤە و ڕاڤەیە و، ڕاستەقینەیەکی سەقامگیر و گشتی بوونی نییە. کەواتە نووسەر بە جێگەی ئەوەی باس لە ئۆبژەیەکی دەرەکی بکا و بیگێڕێتەوە، ئەم گومان و پرسیارەی هێنایەوە ناو خۆی و دەستی کرد بە نووسینەوەی جیهانی چەند ڕەهەندی و لێڵی خۆی، جیهانێک کە هەمیشە نامۆ دەنوێنێت و ڕاستەقینەکان خۆیان ئەشارنەوە. لێرە دایە کە ڕۆمانی مۆدێرنیستی سەرهەڵدەدا، بە وتەی لووسین گۆڵدمەن لەم سەردەمەدا چەشنێک لە کاراکتێری دەروونناسانە دێتە ئاراوە، کاراکتێرێک کە بە هۆی لێڵی و نامۆیی

www.kurdishbookhouse.com

ئۆبژەکان، دەگەڕێتەوە ناو خۆی و باس لە دەروونی خۆی دەکا(گلدمن،١٣٦٩). وەختێک مرۆڤ بەم ئەنجامە گەیشت کە ئۆبژەکان مانا و شرۆڤەی چەند ڕەهەندیان هەیە، دەستی کرد بە گێڕانەوەی دەروونی خۆی، واتە شتێک کە تا ڕادەیەک هەستی دەکرد دەیناسێ. خۆی، خۆی گێڕایەوە. ئەگەر سەرنج بدەن، زۆربەی چیرۆکە مۆدێرنیستییەکان گێڕەوە/کاراکتێریان هەیە و گێڕەوە، جیهانێکی نامۆ و لێڵ نیشان ئەدا کە مرۆڤ لە ئاستیدا شلوێیە و دەستی بە چارەسەرکردنی ڕاناگا. هەر بۆیە کاراکتێرێک دەخولقێنێت کە خەمۆکی و پەشۆکاوی داوێنی گرتۆتەوە[10]. ئەمە شرۆڤەی مرۆڤی مۆدێرنە: ئۆبژەیەکی لێڵ و نامۆ هەیە کە یەکەم: ڕێک دیار نییە چییە، دووهەم :چارەکردنی ئەستەمە.

ڕوانینی کلاسیک لەسەر ئەم باوەڕەیە حوکمێکی گشتی بەسەر ئۆبژەکانەوە هەیە و مرۆڤ توانای ناسینی دیاردەکانی هەیە، بەڵام ڕوانینی مۆدێرنستی لەسەر ئەم باوەڕەیە حوکمی گشتی بۆ ئۆبژەکان بوونیان نییە و مرۆڤ تەنیا دەتوانێ شرۆڤەیان بکا، نەک ئەوەی بە شێوەی ڕەها(مووتلَق) لەبارەیانەوە بڕیار بدا. پۆستمۆدێرنەکان دەڵێن جیا لەوەی مرۆڤ ئۆبژەکان بە تەواوی ناناسێت، خودی "سووژە"ش تووشی قەیران و کێشە هاتووە، واتە ئەم شرۆڤەیەش کەوا سووژە لە ئۆبژەکانی دەکا، بە هۆی نامسۆگەربوونی خودی سووژە، لە متمانە داماڵدراوە. تەنیا کارێک کە لەوەها دۆخێکدا نووسەر دەتوانێ بیکات، بەسووژەکردنی خودی گێڕانەوەیە(کریمی،١٣٩٧:١١٨-١١٤).

ئەگەر بەم پێوەرانەی سەرەوە سەیری ڕۆمانی (ئەلف/یا) بکەین، دەبینین کێشە و داڵغەکانی ڕۆمان، تەواو ڕوونە، واتە هەم نووسەر، هەم خوێنەر دەزانێت هۆی گرفتەکانی کاراکتێر- یووسف- چییە و چۆن چارە دەکرێت. بەشێک لە کێشەکانی یووسف بریتییە لە نالەباری ژیانی خێزانی و بێپارەیی. چارەی ئەم کێشانەش ڕوونە، هاوسەرێکی ئەرکناس بێت و کارێک بدۆزێتەوە. بە وتەی گێڕانەوەناسەکان ڕوونبوونی گرفتەکانی ڕۆمان ئاستی (عەینییەت)ـی ڕۆمان

زیاد دەکا، ئەم عەینییەتە لە چیرۆکی کلاسیکدا بەدی دەکرێت نەک مۆدێرنیستی(ژوو،١٣٩٤:٣٩-٣٨). واتە لە چیرۆکی کلاسیکدا، بۆ خوێنەر دیارە چ کێشەیەک لە پشت ئەم ئاڵۆزییەی کاراکتێرەوە خۆی حەشار داوە. ئەگەر سەرنج بدەن لە چیرۆکی مۆدێرنیستی و پۆستمۆدێرنیستیدا، نە بۆ خوێنەر، نە بۆ کاراکتێر و -تەنانەت بۆ نووسەریش- ڕوون نییە هۆی گرفتی کاراکتێر چییە. کەس نازانێ بۆ (گریگۆری سامسا) -لە چیرۆکی مەسخ دا- خۆی لێبۆتە قالۆنچە؟ ئەسڵەن بۆتە قاڵۆنچە؟ ئەم کێشەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ چۆن چارەسەر دەکرێت؟. یان لە ڕۆمانی (موحاکمە)ی کافکادا، نە (ژۆزێف-کا) و نە خوێنەری ڕۆمان نازانێت بە چ هۆیەک بەیانییەک لەنەکاو، (کا) قۆڵبەست دەکەن، تەنانەت دادوەرکەش نازانێت تاوانی (کا) چییە، کۆی گشتی ڕۆمانی موحاکمەی کافکا گەڕانێکە بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارە. ڕەنگە دەیان وڵام بۆ ئەم پرسیارە لای خوێنەرانی (موحاکمە) هەبێت و هیچیان بە دڵنیاییەوە ناتوانن بڵێن ئەوە دروستە، چون (عەینییەتی) چیرۆک لەخوارێیە[11]. ئەمە نیشانەی ڕوانینی دژەکلاسیکە لە بەرهەمی مۆدێرنیستیدا. وەها ڕوانینێک لە (ئەلف/یا)دا بەدی ناکرێت، سەرچاوەی گشت کێشەکانی کاراکتێر تەواو ڕوونە و ڕوانینی کلاسیک بەسەر کۆی ڕۆماندا زاڵە.

گێڕەوە/کاراکتێری (ئەلف/یا) تەنانەت بە قەتعییەت و حوکمێکی گشتی چاو لە دیاردەکان دەکا:

"[...]مرۆڤ لە ماوەی تەمەنیدا ئەو هەمووە دەدوێت، هەزاران و ملوێنان ڕستە دەهۆنێتەوە، سەدان وشە دەکار دەکات؛ بە دەنگی بەرز، چرپە، تووڕە، پاڕانەوە، ترس و عاشقانە، تەنانەت لە خەونیشدا، لە هەناوی خۆیدا، بێوەستان هەر دەدوێت؛ هەرجارێک و بەدەم زاراوێک، کەچی دواجار لە گیانەڵادا دەگاتە یەک ڕستە، یەک وشە، پیتێک، یان حەسرەتی یان ترسیەتی. دەبێ ئەو مردنانە قورستر بن کە دەڵێن زمان دەشکێت. وشەیەک، وتەیەک لە سەر زمان

www.kurdishbookhouse.com

دەماسێت، زمان دەبێتە پلاس، گورپێک بین دەگرێت، ناهێلێت هیچ بێتە دەر. قسەیەک هەیە دەبێ بگوترێت؛ بگێڕدرێتەوە، یەک وشە، یەک ڕستە. نەگوتراوێک بگوترێت. نایە، نابێت. دەبێ تکا یان ڕازێک بێت. ڕەنگە هیچ بێت، هیچ نەبێت، بەلام ناکرێت. ڕەنگە دەمرن چونکوو ناتوانن بیلێن. وشە بینیانی گرتووە، لە گەروویاندا گورپ دەکا، هەلدەماسێت و تااپ، دڵ دەتەقێنێت.[...]"(ل:١٤-١٣).

بەو جۆرەی لەم پاژەدا دیارە، باس لە بۆچونێکی ڕەها دەکا لەبارەی کاتی مەرگەوە، تەنیا لە یەک ڕستەدا "بەگومان" نابێت ئایا هەرکەس بمێرێت وەهای لێ دێت؟. نووسەرە مۆدێرنیستەکان چون لەسەر ئەو باوەڕەن ناکرێ حوکمێکی گشتی بەسەر شتەکاندا بسەپێنین بۆیە لە جیاتی باسکردن لە کردەوەیەکی عەینی باس لە دەروونی خۆیان دەکەن، وەختێکیش باس لە دیاردەیەکی دەرەکی دەکەن، بەردەوام شک و گومان بەسەر قسەکانیاندا زاڵە، هەر بۆیە زۆربەی دەقە مۆدێرنەکان هەڵگری شرۆڤەی زۆرن و بە وتەی ڕۆلان بارت دێنە خانەی دەقی نقیسارییەوە. بەلام گێڕەوەی (ئەلف/یا)، جگە لەوەی گومانی لە وتەی خۆی نییە، بەڵکوو حوکمی گشتیش بەسەر چەمکێکدا دەسەپێنێت. ئەم بۆچونە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، نووسینی ڕۆمان-یان هەر دەقێکی ئەدەبی- تەنیا بەکارهێنانی تەکنیک نییە بەڵکوو بەر لە تەکنیک شێوەڕوانینە. شێوەڕوانینی ئێمە بە جیهانە کە دیاری دەکا لە چ تەکنیک یان مێدیۆمێک بۆ گێڕانەوە کەڵک وەرگرین.

کەواتە دەرئەنجامی ئەم فەسڵە ئەوەیە: ئێمە لەگەڵ نووسراوەیەکی ڕیالسیتیی کلاسیک، بە کاراکتێرێک بە کێشەی ئاساییەوە بەرەڕووین و نامۆیی و لێڵی وەک بەرهەمی مۆدێرن تێیدا بەدی ناکرێت.

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ دەستنووسەکانی ئامێدی

لە کۆی کتێبی ١٧٤ لاپەڕەیی (ئەلف/یا)دا، نزیک بە ٦٧ لاپەڕەی دەقی پەرژووبڵاوی دەستنووسەکانی ئامێدییە و نزیک بە ٧ لاپەڕەی -بەهۆی گۆڕنی فەسڵەکان- سپییە و ٥ لاپەڕەشی بەحەقایەت-لە دەستپێکی هەر فەسڵەدا- لە لایەن نووسەرەوە پڕ کراوەتەوە. بەم پێیە نزیک بە ٧٩ لاپەڕە شوێنێکە وا نووسەر بە سانایی دەتوانێ خۆی لە یەکدەستی و ڕێک و دروستبوونی پێکهاتە بپارێزێت، چون یەکەم: دەستنووسەکانی ئامێدی، پەرتووکێکی دووسەد ساڵ لەمەوبەرە و یەکدەستییەکی ڕیوایی بەمانای (**fiction**) تێدا بەدی ناکرێت، دووهەم: بەشی حەقایەتەکان، کردەوەی مازاد بەسەر کۆی چیرۆکە و ئەویش دەتوانێ یەکدەستی و پێکهاتەی لەباری نەبێت و هەر حەقایەتێک باسی شتێک بکات،- لاپەڕەی سپیش کە کێشەی نییە و باسی دیزاینی کتێبە. کەواتە لە کۆی ١٧٤ لاپەڕەدا، نووسەر خۆی تەنیا بۆ ٩٥ لاپەڕە بە بەرپرسیار دەزانێت کە یەکەم: لە ئاست پێکهاتەدا و دووهەم: لە ئاست ڕووداوی چیرۆکدا، شتێک بنووسێت کە بە حەقایەتەکان و دەستنووسەکانی ئامێدییەوە گرێ بدرێتەوە. هۆی ژماردنی ئەم لاپەڕانە تەنیا بۆ ئەوەیە لە درێژەدا بە خوێنەرانی ئەم وتارە نیشان بدەم، نزیکەی لە سەدا چلی کتێبەکە هیچ پێوەندییەکی پێکهاتەیی لەگەڵ لە سەدا شەشتیتری نییە و خودی ئەم ٩٥ لاپەڕەیەش کەوا دەرفەتێکە بۆ ئەوەی نووسەر هێز و توانای چیرۆکنووسیی خۆی نیشان بدات، تا چ ڕادەیەک لاوازە.

هەر بەو شێوەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، جان پێک لە کتێبی (شێوازی هەڵسەنگاندنی ڕۆمان)دا- کە کتێبێکی تەواو سەرەتاییە بۆ تاوتوێی ڕۆمان-خەجت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنێکی پوخت و پاراو لە ڕۆمان تەنانەت نابێ لە شێوازی خاڵبەندییەکەیشی خۆش بین. جان پێک مەبەستی ئەوەیە تەنانەت خاڵ دانانی نووسەریش دەبێ پێوەندی بە پێکهاتەی گشتیی چیرۆکەوە هەبێت، چ بگا بە نووسینی ڕستە یان دانانی چەند حەقایەت و

پەرتووکێکی دوور و درێژ. کەواتە نووسەری (ئەلف/یا) بە تەرخانکردنی ئەم گشتە لاپەڕەیە بۆ دەستنووسەکانی ئامێدی دیهەوێت چ بە خوێنەر بڵێت؟ واتە کارکردی لەناو ڕۆماندا چییە؟. ئەگەر تەنیا دەیهەوێت مێژوویەکی تایبەت لە ناوچەیەکی تایبەت بگێڕێتەوە، دەیتوانی بەجێگەی ڕۆمان کتێبێکی مێژوویی بنووسێت. بەڵام ئێمە دەزانین شێوازی نووسین و باسکردنی مێژوو لە ڕوانگەی زانستیی مێژووەوە، لەگەڵ ڕۆمان تارادەیەکی بەرچاو جیاوازە. ڕۆمان بڕیارە بابەتێکی جیاواز لە مێژوومان بۆ ڕوون کاتەوە. یەکێک لەم جیاوازیانە، گێڕانەوەی ئەزموونی تاکەکان بۆ نیشاندانی کەش و کردەوەی دۆخێکی تایبەتە. بۆ نموونە ڕۆمانی (ژیانەوە بەکاتی سیروان) -مەنسوور تەیفووری- لە پاڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی مێژوویی و پێناسەکردنی ڕوانگەیەکی تایبەت لە گێڕانەوەی مێژوو، هەستە تاکەکەسییەکانیش دەگێڕێتەوە. یان لە ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان)-عەتا نەهایی- ڕووداوەکانی سەردەمێکی تایبەت لە کوردستان و هەروەها هەستی تاکەکەسی مرۆڤێکی تایبەت لەم دۆخەدا باس دەکا و چەشنێک لە "مێژووی دژەفەرمی" ئاراستە دەکا. یان ڕۆمانی (گابۆڕ) -سەید قادر هیدایەتی- جیا لە نیشاندانی دۆخی میلیتاریزەی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵات، چۆنییەتی هۆگر بوونی جەماعەتێک گەنج بە کوردی خوێندن و هەستی کوردایەتی دەگێڕێتەوە.

(ئەلف/یا) لەم باسە مێژووییەدا چ دەکا؟ ئایا شتێکی تایبەت بەم مێژوویە زیاد دەکا؟. وڵامی من نەخێرە. دەستنووسەکانی داوود ئامێدی، بچووکترین شتێک کەوا لە مێژووی کورددا بزرە و ئێمە بە شێوەی ئاسایی نایزانین باس ناکا. نە جیاواز باس لە شێوەی حکوومەتداری (ئەردەڵان) دەکا، نە شێوەی ژیانی خەڵک، نە تەنانەت داڵغەکانی ئەم سەردەمەش. مەبەستم ئەوەیە هەرچی ئاماژەی پێدەکا، ڕێک لە دەقە مێژووییەکاندا زۆر باشتر و ڕێکتر نووسراونەوە، بە تەعبیرێک (ئەلف/یا) شتێک زیاتر بەم مێژوویە چ لە ئاستی "شێوەی گێڕانەوەی مێژوو"-وەک ڕۆمانی گوڵی شۆڕان و ژیانەوە بەکاتی سیروان- چ لە

www.kurdishbookhouse.com

ئاست دۆخی تایبەت و هەستە تاکەکەسییەکان-وەک ڕۆمانی گابۆڕ- بەرجەستە ناکاتەوە.

تەنیا شتێک کە تا ڕادەیەک سەرنجڕاکێشە "زاراوە" و "ڕاوێژ"ی ئامێدییە. ئەم زمانەش ڕێک وەک وتەکانی ئامێدی بێ‌هیچ لۆژیکێک لەلایەن نووسەرەوە، نووسراونەتەوە. بۆ نموونە زۆربەی ئەو لاپەڕانەی کە بەناوی دەقی ئامێدی لە لایەن نووسەرەوە بەرهەم هاتوون، لە ئاست زاراوەوە جیاوازییەکی بنەڕەتییان پێکەوە هەیە. دیار نییە ئامێدی لەسەر زاراوەی ناوچەی هەولێر، دەهۆک، موکریان، ئەردەڵان یان کوێیە؟!. تەنانەت زاراوەی یووسف وەک کەسایەتی شاری (سنە)، زاراوەی موکریانی زیاتر بەسەردا زاڵە تا سنەی ئەمڕۆیی، بەکارهێنانی وشەگەلی وەک: ئەدی، نووستن، شمەک، بین، گەروو و... زیاتر لە زاراوەی موکریاندا هەن تا سنە. ئەم کێشەیە وەختێک بەرجەستە دەبێتەوە کە دەزانین یەکێک لە داڵغەکانی (ئەلف/یا) دێتەوە سەر چۆنییەتی زاراوە، واتە جیاوازییەکانی زاراوەی دووسەدە ساڵ بەر لە ئێستا. وەختایەک ئەم پرسە لەناو ڕۆماندا بوونی هەیە بێ‌گومان دەبێ لەلایەن نووسەرەوە نەتەنیا هەر زاراوە و ڕاوێژی دووسەدە ساڵ لەمەوبەر ڕەچاو بکا، بەڵکوو هی ئەم سەردەمەش لە شاری سنە بێ‌کەموکۆڕ بنوێنێت. سنەی ڕۆمانی ئەلف/یا، سنەی ڕیالیزمی سێحراوی نییە کە نووسەر بەدڵی خۆی پێناسەی بکا، بەڵکوو سنەی واقیعی لەسەر نەخشەی جوگرافی جیهانە!، ئەمە لۆژیکێکە کە ڕیالیزمی کلاسیکی ڕۆمان بە ئێمەی دەڵێت.

لە دەستنووسەکانی ئامێدیدا، نووسراوەکەی نووسەری ئەلف/یا، ئەوەندە شپرز و لاوازە، کە نە تەنیا نەیتوانیوە دەقێکی ئاسایی مێژوویی بخولقێنێت، بەڵکوو تەنانەت لە ئاست زاراوەی ئەم دەقانەش یەکدەست و سەرکەوتوو نەبووە. سەرنجتان بۆ ئەم نموونانەی خوارەوە ڕادەکێشم:

www.kurdishbookhouse.com

"ئەزبەنی ئەمن ڕبەنێکی دەست و پل سپیمە! کەرەمی میران و لوتفی وەزیران نەبایە تا ئەمێستە حەفت کفنانم ڕزاندبوو. هێشتا لە سەر لانک بووم دایک و بابم بە پشکی خودا و بە نێوی ئەولیایان کردبووم. دایکم گوتبووی: «خەونم دیتییە لە مزگەفتی گەورەی قەڵات خوتبەت خێندیە.» بابم گوتبووی: «لۆ حەزرەتی پێغەمبەری.» وام دەزانی لە بەختم بوو لەبایتی ڕان و بەرگەل وەبەر خوێندن خرام. لای مەلایان ملم لە خوێندن نا و گونداوگوند و حوجرەوحوجرەم دەکرد. ئەزبەنی ئەمن شتی قورستر لە کتێب و قەڵەمووچ ناتوانم هەڵبگرم. ئەوەی بە منت گووتوە گەلێک گرانە، حەستەمە بتوانم."(ل:٢٩)

"قوشقی بووم. هەرچی زەینی خۆم دەدەمەوە لەو کاغەزە، هەر نازانم بۆ نووسیوتە؟ بۆچ نازانن حەرف بە حەرفی شەقڵی تۆی پێوەیە؟ لەم ناوە جوێ لە تۆ کێی دیکە دەتوانێت چەندی بکا نامەی وەها دابنێت؟ گوتبووم ئامێدی ئێرە نەبێت بێخودان و ساحێب دەمێنین؛ بژیویمان دەبێتە ڕیزۆڵە و چڵکاوەی سەپان و پارووە بەرماوەی پیرەژنانی خێرەوەند."(ل:٣٧).

"هەڕۆ. ڕاتدەکرد و دەتزانی پاش ئەو ڕاکردنە ئیدی لە ماڵ و شارێکدا نامری کە لێی لە دایک بوویتە. دەتزانی وەک وشکەگیایەکی دەم گژەبا هەڵقەندراویت؛ ئیدی بە دەست خۆت نییە لە کوێ بگیرسێیتەوە و لە کوێ بمریت و بنێژرێیت. نەتزانی ڕاکەڕاک بووە بە قەدەرت؟"(ل:٤٥)

"«کل و سورمەی دەکوتمەوە، ڕەش و مۆر خۆم دەیگرمەوە. سوبحانی، لە بەردی مەککەی یان کوتراوەی توێکڵە گوێز و دارەبەن. بکوتەوە و بیکە سورمە. شتی دیکەی تێدەکەم بۆنی خۆش بکات، تۆزکاڵێک هێل، کلچووکی بە ڕۆنی بادەم چەورکراو باشترە. لە تۆیی قوماشی بنێ؛ کلدانی مس یان بەرد، نازانم بۆ مەرەکەبی دەبێتن یان نا.»"(ل:٦٧)

www.kurdishbookhouse.com

"لە تەبەقەی سەرەوە کونێک لە بنجی دیواری لای چەپەدا بوو، بە مافوور داپۆشرابوو، مافووری لاکێشە و ڕەق، گەڕووسچن بوون، جوورتجووت لەسەر یەک ڕاخرابوون. هەڵیدایەوە یەکیان و دوویان، بە عومراتی ئەگەر کەس پێی‌بزانیبا. بەرتەنگ بوو کونەکە، هەر بە قەرای ئەوەندی کەسێکی بە لاشانەوە پێدا ڕۆبچێت."(١٣٦)

بەم جۆرەی دیارە هەر کامەی لە هەوایەک دەڕوات و ئەم زاراوانە وێکچوونیان نییە. ئەمە لە حاڵێک دایە لە جێیەک نووسەر لە زاری ئامێدییەوە دەڵێت: "وەخت ڕا وەخت، دەبوایە بەپێی فەرمان، پەڕئاوێزەی کتێبە دیرۆکییەکانی ئەردەڵان بنووسمەوە" (ل: ٤٩). ئەمە یانی ئەم پەرتووکانە لانیکەم دەبێ شێوەزاری ئەردەڵانی پێوە دەیار بێت نەک موکریانی و هەولێری، تەناتەت ئەگەر ئەم پەرتووکانە شتێکی تاکەکەسی ئامێدیش بن. لە جێگەیەکی‌تر یووسف لە تاوتوێی پەرتووکەکاندا ئەمە وەک گریمانە ئاراستە دەکا: " پەراوێزی ٢: ئاماژەیە بە ناوی "ئامێدی" بە ڕێنووسی فارسی لە بنەوەی هەندێ نووسین و لاپەڕە لەباتیی ئیمزا، "امدی" نووسراوە، بۆیە دەکرێ "ئامەدی" بێت، تەنانەت دەکرێ "آمدی"یش بێت بە مانای هات و فەرداریی، گەرچی کڵاوی "ئەلف"ی نەنووسیوە. هەروەها شاری ئامێدی لە زمانی فارسیدا تا ئێستەش بە عمادیە و لە زمانی عەرەبیدا بە العمادیە ناسراوە. هەمووی ئەمانە دەڵێن گومان لەسەر ئەو ناوە هەیە، بەڵام بەپێی ئەوەی لە چەندین سەرچاوەی دیکەدا بە داوود ئامێدی و خەتخۆش ناسراوە منیش هەر ئەو ناوەم دەکار هێناوە." (ل:١٤٨). (شاری ئامێدی) لە پارێزگای دهۆکە و ئەگەر نووسەر مەبەستی ئەوە بێت سەرنجی خوێنەر، یان (گریمانەی) خوێنەر بۆ زاراوەی دهۆکیش ڕاکێشێت بە پێی زاراوەی بەکار هاتوو لە پەرتووکەکاندا، دیسانەوە هیچ ئاماژەیەک نابینینەوە. ئەگەر نووسەر لەناو کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردبایە، ئەم دەقانە هەر یەکە لە شوێنێک و بەدەست کەسێکەوە نووسراون لانیکەم لە ئاست زاراوەی پەرتووکەکە کێشەیەک نەبوو، بەڵام بەهیچ ڕوو ئاماژەیەک بوونی نییە.

www.kurdishbookhouse.com

لە جێگەیەدا دەڵێت: "لە بێژانەوەدا بە سەر شتی دانسقەدا کەوتم؛ هەست دەکەم دوو نووسراوە هەیە؛ بە دوو خەتی جوێ و بە دوو شێوە دەربڕینی جوێ؛ یەکیان بۆ والی و بە فەرمانی میرمونشی و یەکیان بۆ دڵی خۆی یان نازانم بۆ ڕاستی. جارێ سەر دەرناهێنم. "ئەم پەرەگرافە دەسڕمەوە" "(ل:٤٤). وەک لەم پاڕاگرافەدا دیارە یووسف لەوە دڵنیا نییە دوو شێوە دەربڕین هەیە و پاڕاگرافەکە دەسڕێتەوە. ئەگەر ئێمەی خوێنەر وای دانێین ئەم ڕستەیە لەلایەن نووسەرەوە ئاماژەیەکی نهێنییە بۆ شێوازی زمانی جیاوازی پەرتووکەکان، دیسانەکە هەڵەکەی چارە ناکرێت، چون نەتەنیا چەند دەربڕین بەڵکوو وشەگەلی جیاواز کە هەر کامیان سەر بە زاراوەیەکی کوردین، بە دەستنووسەکانەوە دیارە. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، نەتەنیا شێوەی دەربڕێن، بەڵکوو "زاراوە"ی بەکار هاتوو لە دەستنووسەکان دایە. ئەم ئاڵۆزییە تەنیا لێرە کۆتایی نایەت. لەپڕدا و بێ‌هیچ فەزاسازییەک لە لاپەڕەی (٩٦-٩٩) بەشێک لە پەرتووکەکە لە زمانی ژنەوە دەگێڕدرێتەوە و لە لۆژیکی دەستنووسەکانی ئامێدی لادەدا. بێژەری ئەو بەشە-بسمێ- لەگەڵ کەسێک- وای دانێن ئامێدی- قسە دەکا و سەربوردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. چ نووسەر، لە قاڵبی گێڕەوەدا و چ یووسف وەک کاراکتێر، بچووکترین ئاماژە بە جیاوازی ئەم بەشە ناکەن کە لە لۆژیکی دەستنووسەکان لایداوە و ڕێک وەک ئەوەیە (بسمێ) ڕووبەڕووی ئامێدی قسەبکا، فەزای ئەم بەشە هاوشێوەی (ڕووداوێکی فیلمی)ـیە نەک (ڕووداوی نووسینی ڕۆمان)یان باشترە بڵێن: وەک خوێندنەوەی دەستنووس ناچێت بەڵکوو وەک ڕووداوێک دەچێت کە لە ڕووبەڕووبوودا دەیبینین :

"[...]ڕۆژێکیان پەتی پەتی نا، نیوەڕووتی کردبوومەوە، دایکم بە سەردا هات. بەشڵەژاوییەوە نەڕاندی: «ئەم کچەتیوە هیچی لە من ناچێ!.» پاڵێکی پێوەنام: «دە برۆ تۆش لە دایکە لۆتی چەقۆکەت دەچی!» دایکم ئەمنی ڕاپسکاند و قریشکاندی: «قەحبەچی، باش گوێ ڕادێرە جاردینێ توخنی بکەویت و دەستی



www.kurdishbookhouse.com

بۆ ببەی بە لا ئیلاهە ئیلەڵڵا دەتکوژم.» دەستی برد، مەمکم هاتبوو نەهاتبوو، تازە نجینم دانابوو."(ل:٩٨)

تەنانەت لەم چەند دێڕەدا هەڵەی بەرچاوی زمانی تێدایە. " قەحبەچی، باش گوێ ڕادێرە جاردینێ توخنی بکەویت و دەستی بۆ ببەی بە لا ئیلاهە ئیلەڵڵا دەتکوژم". وشەی "جاردینێ" لە زمانی کوردیدا بۆ ڕابردوو بەکار دێت، ئەم وشەیە لە زاراوەی موکریانیدا- ڕەنگە لە شوێنی دیکەش- هەیە. بەڵام لە ڕستەی نووسەردا بۆ داهاتوو بەکار هاتووە. "باش گوێ ڕادێرە جاردینێ توخنی بکەویت"، دروستی ئەم ڕستەیە دەبێتە: "باش گوێ ڕادێرە جارێکی دی[یان جارێکیتر] توخنی بکەویت". ئەم وشەیە لە چەند دێر خوارتر بە دروستی بەکار دێت: "یەکەمجار نەمبینی؛ جاردینێ لە بەر بارشتدا کزۆڵکەی کردبوو،"(ل:٩٨)

تا لە کۆتایی کتێبەکە نزیک دەبینەوە، شێوەڕاوێژی پەرتووکەکان بە زمانی سەردەم نزیکتر دەبێتەوە و جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ شێوازی پێشوو هەیە. نووسەر دەیتوانی ئەم کێشەیە بە (مێتاڵپسیسی ڕیوایی) چارەسەر بکات، واتە نووسەر بەجێگەی نووسینی ڕۆمانێک بە میدیۆمی ڕیالیستیی کلاسیک، لە شێوازی نووسینی پۆستمۆدێرن کەڵک وەربگرێت و بە مێتاڵپسیسی ڕیوایی، دوو دانە ئاستی گێڕانەوە تێکەڵ بکات، لەکاتی تێکەڵکردنی دووئاستی گێڕانەوەدا، شێوەگێڕانەوەکان چ لە ئاستی بەکارهێنانی ڕاوێژ و چ فەزاسازی و چ بابەتی گێڕانەوە لەیەک نزیک دەبنەوە. مێتاڵپسیسی ڕیوایی، بە شێوەی بەرباڵاو لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیستیدا بەکار دێت. لێرەدا ئەگەری ئەم هەڵەیەش بۆ نووسەری (ئەلف/یا) زەق دەبێتەوە کە مێدیۆمی گێڕانەوەی بابەتی ڕۆمانی بەباشی ڕەچاو نەکردووە. هەڵبژاردنی مێدیۆم، قاڵب، شێوەگێڕانەوە، کەرەستەکانی ڕیوایەت، بابەتێکی ئەستەم بۆ نووسینی چیرۆکە، واتە منی نووسەر بۆم نییە هەر بابەتێک بەهەر چەشنە ڕوانین و مێدیۆمێک بگێڕمەوە. من وای بۆ دەچم بەشی زۆری ئەم گرفتانەی (ئەلف/یا) بە نووسینی

www.kurdishbookhouse.com

پۆستمۆدێرنیستی چارە دەکران، بەتایبەت بۆ مێژوو و شێوەزاراوەیەک کە وێدەچێت هیچ دەقێکی بەڵگەییمان لەبەر دەست نەبێ. لێرەدا کە بەڵگەی مێژوویی کەمە، نووسەر زیاتر لە هەر شتێک پێویستی بە "داهێنانی خەیاڵییە"، ئەم داهێنانە بە مێدیۆمەکانیتری ڕۆمان بە سانایی دەکرێت. وەختێک ئەم پێویستییە زەرووەتی هەیە، بۆ دەبێ من ڕۆمانێک بە چەشنی کلاسیک بنووسم و ئەو گشتە دەستی خۆم لە کارکردی خەیاڵدا ببەستمەوە؟!. هەڵەی نووسەری (ئەلف/یا) لە هەڵبژاردنی نێوان بابەتی ڕۆمان و مێدیۆمی گێڕانەوە، بە باشی لەم گرفتەدا زەق دەبێتەوە.

وتمان شێوازی نووسینی ئەلف/یا، شێوازێکی ڕیالیستیی کلاسیکە. لێرەدا ئەمە بەم مانایەیە نووسەر دەبێ تەواوکۆ خەجتی لەسەر ڕاوێژی بەکارهاتوو-کە بەوتەیەک هی دووسەد ساڵ بەر لە ئێستایە- کردبایە. بێگومان هەر نووسەرێک بۆی هەیە لە پانتای خیاڵی خۆیدا جیهانێکیتر بخولقێنێت و لۆژیکی تایبەت بەخۆی هەبێت. بەڵام وختێک لەسەر شێوازی ڕیالیستیی کلاسیک بەرهەمێک دەنووسرێت ئەوە دەبێ لۆژیکەکەشی ڕەچاو بکرێت. نووسەری (ئەلف/یا) دەیتوانی وەک نووسەرە پۆستمۆدێرنیستەکان لە تەمهیدەکانی میتافیکشن بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە کەڵک وەرگرێت و بەم جۆرەی کە "حەزی لێیە" مێژوو بەرسازە بکات-لێرەدا هیچ ئەوەی کێشەیەک ڕوونادا، بەڵکوو لە کۆی گشتی ڕۆماندا بە خوێنەریش دەڵێت ئەم چیرۆکە دەستکردە، ئەمە لۆژیکی چیرۆکی پۆستمۆدێرنیستییە. بەڵام گرفتی (ئەلف/یا) لەمە دایە، لەسەر ڕێبازی ڕیالیستیی کلاسیک نووسراوە و چاویشی لەم لۆژیکە داپۆشیوە. زۆربەی نووسەرانی سەردەمی کلاسیک-نەک گشتیان- بە شێوازی ڕیالیستی نووسیویانە و ئەوەندە ڕێک و بێهەڵە مێژوو و کۆمەڵگایان شی کردۆتەوە کە زۆر جار دەقی ڕۆمانەکانیان وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی چاو لێدەکرێت. یان تەنانەت نووسەرانی مۆدێرنیستی کاتێک بەشێوەی ڕیالیستی بەرهەمیان نووسیوە[12]، ئەم لۆژیکەیان ڕەچاوکردوە و ئاگاهییەکی تەواویان

بەسەر شێوازی دەربڕین، هەڵسووکەوت، شێوەگێڕانەوە و ڕووداوەکانەوە هەبووە. میلان کۆندێرا لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا دەڵێت: «یەکێک لە خاڵە پێویستەکانی هەر ڕۆماننووسێک، ئاگاداری تەواو بەسەر ئەو شتەیە وا دەیگێڕێتەوە». ئەمە جارێکیتر پێمان دەڵێت ڕۆمان-بەتایبەت ڕۆمانێکی مێژوویی- تەنیا و تەنیا کاری تەکنیک نییە بەڵکوو پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ژیان و توێژینەوە و خوێندنەوە و ئەزموونەکانی نووسەر.

## ❖ نەگونجانی شێوەگێڕانەوەکان:

هەر کاراکتێرێک، بەپێی کەسییەتی، کەش و هەوا، پێگەی گێڕانەوەیی و ڕاوێژ، شێوەگێڕانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم شێوەگێڕانەوە پێناسەی "گوتاری گێڕانەوە"یە. شێوەگێڕانەوە-جیا لە ئاستی وشە و ڕاوێژ- شێوازی (ناوەندیکردنەوە)، (بابەتی گێڕانەوە)، (شێوازی نواندنەوە) و (پێگەی گێڕانەوە) لەخۆ دەگرێت. ڕەچاونەکردنی وەها چەمکێک لە گێڕانەوەدا، نیشانەی لاوازیی نووسەر لە ئاست نووسینی ڕۆمانە. ئەگەر سەرنجی ڕۆمانی (گابۆڕ)-سەیدقادر هیدایەتی- بدەن، دەبینن، ئەگەرچی لە زۆربەی لاپەڕەکانیدا ناوی کەسایەتییەکان بۆ خوێنەر دیار نییە بەڵام هەر کام لە گێڕەوە/کاراکتێرەکان چەشنی گێڕانەوەی تایبەتیان هەیە. یان لە ڕۆمانی (خۆرنامە)-سەدیق ڕەسووڵی- هەر بەشەی لەلایەن کەسایەتییەک دەگێڕدرێتەوە و شێوەی گێڕانەوەی گشتیان پێکەوە جیاوازە. جیاوازی نێوان شێوەگێڕانەوە یەکێک لە هێماکانی بەرسازەکردنی گوتارە. بەرسازەکردنی گوتار ڕێگەخۆشکەری چەندگوتاری[13] (**polyphony**) ناو ڕۆمانە. بەواتایە، وەختێک ڕۆماننووس شێوەگێڕانەوەی جیاواز بەکار دێنێت و هەر کام لە کاراکتێرەکانی جیهان بە چەشنی جیاواز بەرسازە دەکەن و، لە قاڵبی گوتارێکی جیاواز و تایبەت قسە و هەڵسووکەوت دەنوێنن، ئەوە (چەندگوتاری) لە ڕۆماندا ڕوودەدات. دیارە

www.kurdishbookhouse.com

سازدانی چەندگوتاری و شێوەگێڕانەی جیاواز، لەگەڵ کەسایەتی، کەش و هەوا، پێگەی گێڕانەوە، داڵغەکانی کەسایەتی، شێوازەکانی ناوەندیکردنەوە و ڕاوێژ لە پێوەندی ڕاستەوخۆ دایە.

لە کتێبی ئەلف/یا-دا، ئەم جیاوازییە بوونی نییە. داوود ئامێدی-کە نزیک بە دووسەد ساڵ- پێش یووسف ژیاوە، لەگەڵ یووسف، یەک شێوەگێڕانەوەیان هەیە. تەنیا جیاوازی ئەم دوو کەسایەتی/گێڕەوەیە لە ئاستی وشە و بەکارهێنانی ڕستەکان دایە-کە ساویلکەترین چەشنی جیاوازی گێڕانەوەیە. هەر وەک ئاماژەمان دا چەند پاژی سەرەکی بۆ ئەم بەرسازەکردنە دەبێت لە لایەن نووسەرەوە ڕەچاو بکرێت.

چەند نموونە لە شێوەگێڕانەوەی یووسف:

"ویستم بڵێم کاری من نییە. نەمگوت".(ل:٦). "گوتم مەرجم هەیە. نەمگوت."(ل:٧). "بێئەوەی بزانم چ مەرگێکی تێدا حەشار دراوە، گوتم: «من خۆم نێوەمردووم، دەبێ ئەمە زیندووم بکاتەوە.» نەمگوت"(ل:٨). "لەبەر دووکانەکەی خۆیدا، نا، لە سەر پلیکانەکانی ناو بازاڕ، گوتبووی "دڵم"."(ل:١٣). "وەک هێلکەی نەورۆزی ماڵی کەمسەلیقە. نا، دەتگوت بێشکە و دەسترازەی کۆچەرییانە."(ل:٢٤). "نزیکتر مانایەکی ئیرۆتیکیشی هەیە. ناسین، نا ناسینیش نابێت" (ل:٥٥). "دەنگێکی پیاوانە، نا کوڕانە" (ل:٧٥). "ئەمەیان ئەو ڕۆژەیە هاتمە دەر، دوای مانگ و نیویک؛ نا، چلوچوار ڕۆژ"(ل:٧٩). "ویستم بڵێم حافز، تۆ حولحولیت. نەمگوت"(ل:٨٦). "لەبناگوێییەوە بۆ لامی خاڵ نا، خەتێک دروست دەبێت و دەڕوات."(ل:١١٥). "هەر لامل نا، سەر و ملی خوراند"(ل:١٢١). "داوود خۆی نا، تارماییە لە خۆی ئاراستە دەکات. باسی دەروونیاتی نا، باسی ئەو تارماییە دەکات."(ل:١٢٣). " "ئەلف"ێک نا، هەموو وشەکان لە تەڕایی چاومدا دەلەرێنەوە."(ل:١٣٦). "گوتم ئەوە کاری من نییە؛

www.kurdishbookhouse.com

بۆ پارە کردوومە. نەمگوت"(ل:١٦٨). "دەڵێی تاقەتی چاو ترووکاندی نییە. زەق، نا، ورد دەڕوانێت"(ل:١٦٩).

چەند نموونە لە شێوەگێرانەوەی ئامێدی:

"توخودا مەکە شێخ. نازانم گوتم یان نەمگوت. بەرمنادا."(ل:٤١). "ئەوا ئەوڕۆش لە بیچمی گراویدا بە سەر مندا داباری، نا ناباری، لە هەناومدا چەقەرە و باڵای کرد و گوورا"(ل:٧٠). "وەک ئەم ئەبەنووسە. نا وەک ئەم بە نازەوە نە ساویاو و نە سووڕاوم؛"(ل:٧٠) "گوتی ژن هەیە لۆکەیە، لۆکە نا، وڕەی لۆکەیە." (ل:٧٣). "گوتم وەک تۆ و داکت. نەمگوت"(ل:٧٣). "دوو جووتن؟ دوو دانەی هێشتا تەڕ، ڕەشی ڕەش، نا نا دووانیان شینن، شینی شین."(ل:٨٢). "دەتگوت وەسمەی کێشاوە. نەیکێشابوو."(ل:٨٦). "سووڕ و نیوسووڕ. شێلای. نا سەمای دەکرد؛ دیلانێک لەگەڵ خۆیدا."(ل:٨٨). "بۆ قایلکردنی گوتبووی با قورئان و یاسینی مردنمان بخوێنێت. نەمخوێند."(ل:٩٧). "لێی بووم بە تاقە فەقێ، نا مەلای بێمزگەوت و خۆم کردە بەردەستی مەلایەکی لەنوێژسبەینانەوەڕەز."(ل:١٠٧). "دڵوێژیی نا، دڵنووسیەک بوو کە قەت نەدەخوێندرایەوە."(ل:١١٣).

ئەم شێوەگێڕانەوە، جیا لە دوو گێڕەوەی/کاراکتێری ئامێدی و یووسف، لە گێڕەوەکانیتریشدا بەدی دەکرێت:

نموونەی شێوەگێڕانەوەی دووهەم کەسی تاک:

"هەر کە دەرگای داخست بوو وەک ئەوە وابوو چووبێتە دنیایەکی تازەوە؛ نا، دنیایەک کە لە مێژە نەیدیوە، یان لانیکەم ساڵی جارێک دیبێتی"(ل:١٥٦). "ویستی بڵێ: «ڕەنگە هەردوویان یەک کەس بێت». نەیگوت. پێشتر نووسیبووی."(ل:١٥٩).



www.kurdishbookhouse.com

یان لە زاری نەواری ناو واکمەنەکە، لە لاپەڕەی ۷۵دا دەڵێت: " «ئەمڕۆ لەگەڵ خوشکی، نا ژنەکەیدا چووە دەر. دەبێ لە دەرفەتێکدا بچمە ماڵەوە.»".

لە لاپەڕەی ۸۲دا، لە زاری لەیلای خێزانییەوە دەڵێت: « لە دووسەد سێسەد ساڵ پێشتردای، نا چ پەنجا ساڵ».  ئەم ڕستەیە درووستە لە فیلتەری ڕیوایی یووسفەوە دەگێڕدرێتەوە بەڵام لە دوو کەوانەی «» دا نووسراوە، بەم مانایەیە ڕیک وتەی لەیلایە و یووسف هیچ دەستێکی لە گۆڕینیدا نەبووە. ئەگەر یووسف دەستی لە گۆڕینیدا بوایە، نەدەبوو لە «»دا بنووسرێت.

جیا لە هەڵەی زەقی شێوەگێڕانەوە، شێوازی فەزاسازی، ڕاوێژ، ناوەندیکردنەوە و تەنانەت دەربڕینی وشەکانی ئایسان و لەیلا زۆر لە یەک نزیکە و لە ئاست کەسایەتی ئەم دوو لەحنە جیا نەکراونەوە. سەیری لاپەڕەکانی ١٦ و١٧-ئیمەیلی لەیلا- و لاپەڕەکانی ١٤٨ تا ١٥٢- نامەی ئایسان- بکەن. لە هەردووکیاندا یەک شێوە دەربڕین هەیە، هیچ ماکی کەسایەتیی جیاوازی تێدا بەدی ناکرێت. ئەگەر لەیلا بەردەوام پرسیار دەکا، ئایسانیش هەر وایە. ئەگەر لەیلا بازبازێن بەسەر بابەتەکاندا دەکا ئایسانیش هەر وایە و، هەر دووک بەردوام (من) و(تۆ) دەکەن. ئەگەر بێتوو پاژەکانی ئەم دوو نامەیە تێکەڵ بکەین، دیار نییە کامە هی ئایسانە کامە هی لەیلایە.

جیانەکردنەوەی شێوەگێڕانەوەکان، زاڵبوونی زەهنییەتی نووسەر بەسەر کۆی ڕۆمان بەرجەستە دەکاتەوە، ئەم خاڵە دژایەتی بنەڕەتی لەگەڵ ماهییەتی نووسینی ڕۆمان هەیە. بەوتەی میخایل باختین، ڕۆمان تەنیا لە ناو مێشکە دێمۆکراتیکەکاندا بیچم دەگرێت و زەینی تاکجەمسەر توانای خوڵقاندنی گوتارە جیاوازەکانی نییە. ئەم ڕستەیە بەم مانایەیە، نووسەر بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نییە ڕوانگەی خۆی، -یان ڕوانگەی کاراکتێر، یان گێڕەوە- بەسەر فەزای گشتیی ڕۆماندا بسەپێنێت. وەها شێوازێک جیا لە ناتەواویی کاراکتێرسازی، خودی فەلسەفەی سەرەکیی ڕۆمانیش دەباتە ژێر پرسیارەوە.

www.kurdishbookhouse.com

ڕۆمان ئەزموونە تاکەکەسییەکان و ڕوانگە جیاوازەکان شەمەند دەکا، نەک ڕوانگە و شێوەیەک لە دیتن. لێرەدا تەواو ئاساییە شێوەگێڕانەوەی لێکچووی (ئەلف/یا)، تەنانەت جیهانبینی کاراکتێرەکانیش لەیەک نزیک بکاتەوە. ئامێدی کە دووسەدە ساڵ بەر لە یووسف ژیاوە، هەر وەک ئەو جیهان دەبینێت. هەرکیان ژن وەک کاڵای جنسی سەیر دەکەن و تەنانەت ئەگەر لە وشەی شاعیرانە بۆ وەسفی ژن کەڵک وەردەگرن، باسی "ئەندامی ژن" دەکەن نەک "جیهانی ژن".

یووسف زۆر جار، وەختێک باسی ئایسان دەکا ڕوانینێکی جنسی هەیە : "من نەمهێنابوو، خۆی هاتبوو، ڕێگەیەکم نەبوو، جوان بوو."(ل:٥٣). "نزیکتر مانایەکی ئێرۆتیکیشی هەیە. ناسین، نا ناسینیش نابێت"(ل:٥٥). "–ئایسان! - «جان» -ئایس... سسس... پەنجەی لە سەر لێوم... وسسس... لە سەر تەختەکە نیوەڕووت ڕاکشاوین. بە گوێیدا ناوی دەسرکێنم."(ل:٧٩). "سمتی ڕووتی لە پەراسووم تووند دەکات، داوەتێک بۆ ئەوەی خۆمی پێوە بنووسێنم یان دەستی پێدا بهێنم؟ دەنگی نەوارەکە دەڵێت: «زۆر تابلۆ بوو.»"(ل:٩٤). "سەرشانی ڕووتی جوانتر لەوە بوو کە دیبووم. شەڵوارەکەی تا لای ڕانی هەڵکرابوو، تا دەهات کاڵ و کاڵتر دەبوو پێستی."(ل:١١٥).

سەیری وەسفی ئامێدی لە ژن بکەن:

" بووک و کچان، ژنی والی و گزیر و وەکیل، ئەمن تیفتیفەیان دەدەم و تاس و لووسیان دەکەم. گوتی ژن هەیە لۆکەیە، لۆکە نا، ورەی لۆکەیە. بەرامەی قژ و پێستیان پیاو، هەر پیاو نا، ژنیش دەهری دەکات. گوتم وەک تۆ و داکت. نەمگوت. گوتی ژن هەیە هوردەمووی دەموچاویان پیاوکوژن، گەر تیرۆژ

www.kurdishbookhouse.com

وەبەریان بکەوێ زێڕین. لێویان لە لەعلن، یاقووتن. گوتم وەک تۆ و داکت. نەمگوت."(ل:٧٣).

"پرچی لێ قوتە کردبوو بسمێ. دەتگوت وەسمەی کێشاوە، نەیکێشابوو. باسک و باڵی لێ هەڵکردبوو. جووت چمکی کراسە مەرحەمە ئاودامانەکەی لێک گرێدابوو، بە جووت کلیلی سنجاقان لێکی هەڵپێکابوون. لە سەروو پڕایی پووزیەوە تا بنە ئەژنۆی وەدەر کەوتبوو، سپی و تێرگۆشت."(ل:٨٦).

"دەرپێ و کراسەکەی قیچێک زیاتر هەڵکرد. کوڵە گیزمەی لە پێ تووڕ دا و ئاوێکی کرد بە بەرپێیدا و چووە ناو تەشتە ترێ و پێ شێلای؛ سووڕ و نیوسووڕ. شێلای. نا سەمای دەکرد؛ دیلانێک لەگەڵ خۆیدا. شتی وام نەدیبوو. دڵم لە تەک لەرەلەرەی بەژنیدا دەلەرییەوە. پێ و پووزی، دەتگوت قەڵەمقامیشی سپییە لە مەرەکەبی ئەزخەوانیی ترێدا."(٨٨).

"پەنجەی هینا بە سەر گلارێکدا، هێنای بە سەر لێومدا: « با ئەم توێژە سپیەی... با نەڕوا.» دەسرۆکەی لە سر قژی خرابووە سەر شانی: «لەو تەشتە دارینەدا دەیشێلم.» دایکی چووە ژوورەوە، ئیدی بە سرتە دەدوا. «تا نەرمنەرم دەپلیشێتەوە...»زۆربەییم بیستووە. گوتنەوەی هێندێ شت خۆشە، وەک مەرکەبگرتنەوە، قەڵەمدادان، سورمەکوتان، ترێخستن. «بە پێیان، لێ دەیانشۆم.» بزەی هاتێ. گوتم: «بۆ کیژی تازەهەڵتۆقیو باشترە.» نەدەبوایە بڵێم. «نیمانە!» " (ل:١٠١) .

ئەم شێوەڕوانینە جنسییە بەژن، تەنانەت لەکاتێدا لە یەکێک لە دەستنووسەکاندا ژن خەریکی گێڕانەوەیە بوونی هەیە:

"ئەنگوستی پێدا دەهێنا، دەیگوشی. لا ڕوومەتی خۆی و منی پێکەوە دەنووساند. لێوم قایمقایم هەڵدەپێکا و هێمان دەلەرزییەوە. لاقی ڕادەکێشام؛

www.kurdishbookhouse.com

وەک برێشکەی سەر ساج هەڵدەقرچام و دەلەرزام. گاگایەک بە بەرەدەستی لە سمت و ڕانی دەسرەواندم و دەیگوت بۆ لە من ناچێت."(ل:٩٧)

"ڕۆژێکیان پەتی پەتی نا، نیوەڕووتی کردبوومەوە، دایکم بە سەردا هات. بەشڵەژاوییەوە نەڕاندی: «ئەم کچەتیوە هیچی لە من ناچێ!.» پاڵێکی پێوەنام: «دە بڕۆ تۆش لە دایکە لۆتی چەقۆکەت دەچی!» دایکم ئەمنی ڕاپسکاند و قریشکاندی: «قەحبەچی، باش گوێ ڕادێرە جاردینێ توخنی بکەویت و دەستی بۆ ببەی بە لا ئیلاهە ئیلەڵڵا دەتکوژم.» دەستی برد، مەمکم هاتبوو نەهاتبوو، تازە نجینم دانابوو."(ل:٩٨).

بەهیچ شێوەیەک نامهەوێت حوکمێکی ئەخلاقی دەرکەم و بڵێم ئەم ڕوانییە بە ژن چ زیان و خەسارێکی هەیە-ئەوە باسێکیترە و بۆ ڕەخنەی پێکهاتەیی ڕۆمان ناشێت- بەڵکوو جەختی من لەسەر "شێوەڕوانین" و "شێوەگێڕانەوە" لە ڕۆمان دایە. وەختێک دوو کەسایەتی-ئەویش بە دووسەد ساڵ مەودا- هەم شێوەگێڕانەوە و هەم جیهانبینیان هاوشێوەیە، جگە لەوەی باس لە لاوازی نووسەر بکەین هیچیتر ناوترێت. وێدەچێت نووسەری (ئەلف/یا) تەنیا بیری لە (وشە) و (شێوازی ڕستەبەندی) کاراکتێری ئامێدی کردبێتەوە، نەک پێکهاتە و چەشنی سازکردنی کاراکتێر و پێوەندی ئەوان بە کۆی ڕۆمانەوە. ئەم کێشەیە تا بنەڕەت لەگەڵ لۆژیکی ڕۆمان دژایەتی هەیە و لە کەموکوڕیە بەرچاوەکانی (ئەلف/یا) بە ئەژمار دێت.

لە کۆتاییدا، بە پێی تاوتوێی پێکهاتە و کەرەستەکانی گێڕانەوەیی ڕۆمانی (ئەلف/یا)، بەم دەرەنجامە دەگەین دەقی (ئەلف/یا) زۆر لاوازە و زۆربەی ماکەکانی ڕۆماننووسی ڕەچاو نەکردوە. جیا لەم هەڵانەی لە کۆی وتارەکەمدا باسم کرد، ئاماژە بە هەندێک لاوازیتر دەکەم، کە لە ڕاستیدا بەهۆی درێژیی وتارەکە، خۆم لە تاوتوێیان دەپارێزم. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە لاوازی لە کاراکتێرسازیدا، نەبوونی ڕووداوی سەرەکی لە گەڵاڵەی گشتیدا، بوونی پاژی

www.kurdishbookhouse.com

بێکارکرد-بەتایبەت لە نامەی ئایسان بۆ یووسف کە لەودا باسی فیلمێک دەکا-، نەبوونی پێوەندی پێکهاتەیی لە نێوان حەقایەتەکانی هەر فەسڵێک لەگەڵ ناوەرۆکی فەسڵەکە و، نەبوونی لۆژیکێکی تایبەت بۆ دانانی سێئەستێرە.

## ❖ پەراوێزەکان:

---

1. بەکارهێنانی دەستەواژەی (ڕۆمانی مۆدێرن) بەجێگەی (ڕۆمانی مۆدێرنیستی) لە ناو هەندێک لە بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ئەدەبیدا کێشەی هەیە. ئەم تاقمە لەسەر ئەو باوەڕەن ڕۆمان لە زاتی خۆیدا بەرهەمی جیهانی مۆدێرنە، بۆیە گشت ڕۆمانەکان-چون لە سەردەمی مۆدێرندا نووسراون- مۆدێرنن، کەواتە دەبێ بۆ جیاکردنەوەی شێوازەکان و شێوەڕوانینەکان بەجێگەی ڕۆمانی مۆدێرن لە دەستەواژەی (ڕۆمانی مۆدێرنیستی) کەڵک وەربگرین. منیش بەپێی ئەم باوەڕە هەر لەم دەستەواژە کەڵکم وەرگرتووە.

2. ئاماژەی لەناو دوو [ ]دا، زیادکراوی منە.

3. نموونەی لەم چەشنە [...] لەلایەن منەوە زیاد کراوە و بەمانای سڕینەوەی بەشێک لە وتەی سەرچاوەکانە کە بە پێویستم نەزانیوە ئاماژەی پێبکەم.

4. ئاماژەکانی (ل:...) لە دەقی ڕۆمانی ئەلف/یا، نووسینی ڕەزا عەلیپوور، چاپی مانگ، وەرگیراون.

5. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی لە دەستچوو)ی مارسێل پرۆست، لەم چەشنە گەڕانەوەیەی تێدایە بۆ ڕابردوو ، ئایا ئەویش دەبێتە ڕۆمانی کلاسیک؟. وڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. ڕۆمانی پرۆست کێشە و داڵغەکانی لە بازنەی چەمکی (زەمەن)دا دەسووڕێنەوە، بۆیە گشت چەشنەکانی "بیرەوەری" و "گەڕانەوە" ئەزموون دەکا. لە ڕاستیدا پرۆست لەم بوارەدا یەکێک لە شاکارترین ڕۆمانەکانی خولقاندووە.

6. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە وتاری (بەرەو کۆنسێپتی پۆستمۆدێرنیزم) نووسینی: ئیهاب حەسەن، هەروەها کتێبی: (روش در روش) نووسینی: دوکتۆر ئەحمەد محەمەدپوور.

7. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە سێ وتاری سووزان سانتاگ بە ناوی: (دژی شرۆڤە)، (سەبارەت بە شێواز) و (یادداشتەکانی کەمپ). ئەم سێ وتارە لە وەرگێڕانی فارسی کتێبی: (علیه تفسیر، سوزان سانتاگ، ترجمه: مجید اخگر. نشر:بیدگل)دا دەست دەکەون.

8. ئەم دەستەواژەیە لە لایەن برایان مەکهاڵ بە کورتەپێوەندی(short circuit)، لە لایەن ژێرار ژێنێت بە مێتاڵپسیس (metalepsis) و، لەلای هافستیدتر بە (strange loop) ناسراوە. باشترین و سەرکەوتووترین ڕۆمانی کوردی کە ئەم تەمهیدەی بەکارهێناوە: ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با) نووسینی عەتا نەهایییە.

9. پۆستمۆدێرنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن تێکڕای ڕەوایەتەکانی جیهان-لە زانستەوە بگرە تا دەگاتە مێژوو- دەستکردن، ئەوەی کە لە جیهاندا بوونی هەیە، نەک حەقیقەتێکی گشتی، بەڵکوو وردەحەقیقەتەکانن. هەر بۆیەش بە پێچەوانەی ڕۆماننووسانی کلاسیک و مۆدێرنیستی لە چیرۆکەکانییاندا ئاکارێک دەنوێنن کە بە خوێنەر بڵێن ئەم چیرۆکە وەک گشت ڕەوایەتەکانیتر

www.kurdishbookhouse.com

دەستکردە و نابێت لەگەڵ جیهانی چیرۆک و کاراکتێرەکانی تێکەڵ بیت. بۆ ئەم باسە بڕوانە وتاری (ئەدەبیاتی داستانی پۆستمۆدێرنیزم)نووسینی (لێری مەککافری) و وتاری (کاراکتێرسازی لە گێڕانەوەی پۆستمۆدێرندا) نووسینی (تووماس داهێرتی).

[10]. ئەم چەشنە لە کاراکتێر بە هاتنە ئارای ئەندێشەی مۆدێرنیستییەوە بەدی هات، بەڵام بەو مانایە نییە لە ڕۆمانی کلاسیکدا بوونی نییە، بەڵکوو لە چیرۆکی مۆدێرنیستیدا پانتایەکی بەربڵاوتر و جۆربەجۆرتری هەیە.

[11].بۆ جیاوازی ڕوانگەکانی خوێندنەوە سەبارەت بە جیهانی کافکا، سەیری جیاواز خوێندنەوەی ئاگامبێن لە کافکا لەهەمبەر خوێندنەوەی ئادۆرنۆ یان خوێندنەوەی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم و جیاوازی گشت ئەمانە لەگەڵ خوێندنەوەی کۆندێرا بکەن. هەر یەک لەوانە ڕوانگەیەکیان بە کافکا هەیە کە زۆرجار دژ بە یەکن.

[12] . ڕیمۆند ویلیامز لە وتاری (ڕیالیزم و ڕۆمانی هاوچەرخ)دا باس لە دوو چەشنە ڕیالیزم دەکا. یەکیان ڕیالیزمێک کە جەختی لەسەر کۆمەڵگایە -وەک ڕۆمانی کلاسیک- و ئەوەی‌تریان ڕیالیزمێک کە جەختی لەسەر تاکە، وەک ڕۆمانی مۆدێرنیستی. بۆ ئەم باسە بڕوانە کتێبی: نظریەهای رمان. ترجمە: حسین پاینده. مقالەی: رئالیسم و رمان معاصر. ریموند ویلیامز.

[13] . وشەی (Polyphony) هەندێک جار لەلایەن نووسەرانی کوردەوە بە (چەنددەنگی) وەرگێڕدراوەتەوە. (چەنددەنگی) بۆ پۆلیفۆنی وەختێک بەکار دێت کە ئاماژە بە مۆسیقا بکەین، نەک بە ڕۆمان. زاراوەی پۆلیفۆنی لە ڕوانگەی باختینەوە بەمانای (چەندگوتاری)-چند گفتمانی-یە. بڕوانە کتێبی: (پرسش‌های بوطیقای داستایفسکی)، میخاییل باختین.ترجمە:سعید صلحجو.

### ❖ سەرچاوەکان:


- گلدمن، لوسین(١٣٦٩)، نقد تکوینی، ترجمە: محمدتقی غیاثی. تهران: انتشارات بزرگمهر.
- دیچز، دیوید و استُلوردی، جان(١٣٨٩)، در کتاب: نظریەهای رمان. ترجمە: حسین پاینده. صص١١٣-١٠٧.چاپ دوم. تهران: انتشارات نیلوفر.
- کتل، آرنلد(١٣٨٩) در کتاب: نظریەهای رمان. ترجمە: حسین پاینده. ١٢٢ـ١١٥.چاپ دوم. تهران: انتشارات نیلوفر.
- مَتس،جسی(١٣٨٩) در کتاب: نظریەهای رمان. ترجمە: حسین پاینده، صص ٢٣٨-٢٠١. چاپ دوم. تهران: انتشارات نیلوفر.
- وو، پاتریشیا(١٣٩٠)، فراداستان، ترجمە: شهریار وقفی‌پور. تهران: نشر چشمە.
- پک، جان(١٣٩٤)، شیوەی تحلیل رمان، ترجمە: احمد صدراتی. چاپ چهارم. تهران: نشر مرکز.


www.kurdishbookhouse.com

- ژوو، ونسان(١٣٩٤)، بوطيقاى رمان، ترجمه: نصرت حجازى.تهران: انتشارات علمى-فرهنگى
- ايگلتون، ترى(١٣٩٤)، چگونه ادبيات بخوانيم، ترجمه: مشيت علايى. چاپ سوم. تهران: نشر لاهيتا.
- بارت، جان(١٣٩٧)، در كتاب: ادبيات پسامدرن، تدوين و ترجمه: پيام يزدانجو. صص: ١٢٣-١٤٥. چاپ ششم. تهران: نشر مركز.
- كريمى، فرزاد(١٣٩٧)، تحليل سوژه در ادبيات داستانى پسامدرن ايران. تهران: نشر روزنه
- موران، برنا(١٣٩٩)، نظريەهاى ادبيات و نقد، ترجمه: ناصر داوران. چاپ سوم.تهران: انتشارات نگاه.


■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com